## کورتەیەک لە مێژووی" ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا- سۆکسە".

## Socialist Organisation Of The Kurdish Students in Europa( SOKSE)

هەڵۆ بەرزنجەیی

### پێشینەیەکی کورتی مێژوویی:

لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمی رابردوودا،سەرەتا ساڵی ١٩٤٩ و پاشان بە دروستی لە ١٩٥٦ دا، دەستەیەک لە خوێندکارانی کورد لە هەندەران،بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەربەخۆ، جیا لە ترک و عەرەب و فارس بۆ خۆیان کردەوە. پێداویستی ئەم کارەش هەم بۆ پاراستنی فەرهەنگ و ناسنامەی کوردی و هەمیش بۆ پشتیوانی و گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەی کوردی گەمارۆدراو بە چەندین داگیرکەر و دوژمن، بە جیهانی دەرەوە بوو. شایانی باسکردنە، خوێندکارانی کورد بە گشتی، وەک باڵیۆزی نەتەوە وابوون و لە قۆناخە سەختەکاندا،چەندین ئەرکی قورس و گرانیان بە ئەنجام گەیاندووە.

ڕێبەر و سیمبۆلەکانی ئەم بیرۆکە و وەچەرخانە بریتی بوون لە :{نورەدین زازا،عیسمەت شەریف وانلی،ئەم دوو ناوە بە تایبەت وەک دیارترین و چالاکترین و هەڵسوڕاوترین کەسانی خاوەن بیرۆکە و بزوێنەری کار و چالاکییەکان بوون،شەوکەت ئاکرەیی،ئەبدولقادر عەبدوڵا و سەعدی دزەیی} و چەندانێکی تر. جێ دەستی ئەم دەستە لەخۆبووردووە، لە بزاڤی خوێندکاریی کوردیدا،لە هەندەران، دیارە و بە خزمەتێکی گەورە دێتە هەژماردن. دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ، کە خەباتی خوێندکاران لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپادا بەڕێوە چووە و پاشان لە ئەمریکا و کەنەداش هاتە مەیدان.

بزاڤی خوێندکاریی بەدرێژایی بوونی خۆی،جگە لەوەی ئەڵقەیەکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە،هاوسات،زۆربەی هەرە زۆری ساتەوەختەکان لەژێر کاریگەرێتی سیاسەتی گشتی هێزە باڵا دەستەکانی کوردستاندا بووە. هەر بۆیە ساتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١ دا ، باڵی کێشا بەسەر،چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران دا،کە ئەودەمە تەنیا (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا(Kurdishe Students,Society in Europa - KSSE) لە مەیداندا بوو. خوێندکارانیش،وەک حیزبە کوردییەکان هەڵگری هەمان دروشم و ئامانج بوون،بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە باو باوی مارکسایەتی بوو، بەشێکی زۆریان، کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتی ئیدیۆلۆژی مارکسایەتی و چەپرەوییەوە.بەم پێیە هەژموونی ئەم ئیدیۆلۆژییە، بەسەر شۆڕشی ئەیلوولیشەوە کاریگەرێتی هەبوو. کەواتە سیاسەتی گشتی شۆڕش و خوێندکاران، لە خولگەی سیاسەتی شورەوی دەرنەدەچوون. سیاسەتی شورەویش، لە بنچینەدا هەوڵی بەردەوامی پاراستنی بەردەوامێتی بەرژەوەندییەکانی خودی شورەوی بوو.

پاش ئەوەی ژمارەیەک کوردی دیکەش بە نیازی خوێندن و گوزەران پەڕیدەی هەندەران بوون، بەشێک لەمانە هەڵگریی بیروباوەڕی نەتەوەیی بوون و بیر و هزری خۆیان، لە چوارچێوەی پێڕەوپڕۆگرام و چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکاراندا نەدەدییەوە،لەبەرئەوەی خاوەنی بیرۆکەیەکی تەواو کوردستانی

بوون،رەخنەو سەرنجیان لەسەر سیاسەتی شورەوی بەرامبەر بە پرسی کورد هەبوو.هاوکات نەیان دەویست ببنە پاشکۆی سیاسەتی زلهێزەکان،لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای کورد و کێشە رەواکەی،تەماشای رووداوەکانیان دەکرد و هەڵوێستییان وەدەگرت، رێیان نەدراوە بە سانایی بیروڕایان دەربڕن،بۆیە بیریان لە دامەزراندنی رێکخراوێکی نوێی تایبەت بە خۆیان کردەوە.

لە رۆژی

١٩٦٥/٣/٢١ دا رێکخراوێکی نەتەوەیی،بە ناوی: کۆمەڵەی خوێندکارانی نەتەوەیی کورد لە ئەوروپا(نوکسە)دامەزرا.-National Union oft he Kurdish Students in Europa NUKSE دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوە بریتیبوون لە: جەمال نەبەز،بروسکە ئیبراهیم، ئەحمەد نەقیب، تالب رۆستەم.

ئەم رێکخراوە تا ٣/ ٩/ ١٩٧٧، درێژە بەچالاکییەکانی دەدات و پاشان،بە ئومێدی هێنانە کایەی رێکخراوێکی یەکگرتووی بەهێز،بەرامبەر بە گفتێکی سادە،کە پێیان درا بوو، لە رووی دڵسۆزییەوە، خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە... نوکسە چالاکی جۆراوجۆری هەبوو. خزمەتی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی کردووە. بڵاوکراوە و ئۆرگانی بە زمانی کوردی و ئەڵمانی هەبووە و پەخشی کردووە.بۆ زانیاریی زێتر لەمەڕ ئەم رێکخراوە، بڕوانە: جەمال نەبەز، کۆمەڵەی ئازادیی ژیانەوەی و یەکێتی کورد کاژیک ١٩٥٩ پێشخان و پاشخانەکانی ٢٠١٥ سلێمانی/ کوردستان.

پاش نسکۆکەی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی ١٤ ساڵەی کورد، سەرهەڵدانی فرە حیزبی لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستان دا،بووە دیاردەیەکی نوێ. هاوکات هەر حیزب و هێزێک هەوڵی دەدا، بە هەموو لایەکدا پەلوپۆ بهاوێژێ و بە پەلە بۆشایی گۆڕەپانەکە پڕ بکاتەوە و بۆ خۆی پاوانخواز بکات...

یەکێ لە سیما هەرە زەقەکانی ئەم قۆناخە، دروستکردنی رێکخراوی پیشەیی و خوێندکاریی بوو،بە تایبەت لە نێو کوردانی ئاوارەی ئەوروپادا..پێداویستی گرنگ و بەرچاوی ئەو رۆژگارە، ئەوەی دەخواست، هەر لایەک نوێنەرایەتی خۆی هەبێت. هۆی سەرەکیش،کۆمەڵەی خوێندکاران،KSSE بە تەواوی کەوتبووە ژێر رکێفی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ئەندامەکانی نەیان دەتوانی ئەرکە خوێندکارییەکان و پابەندبوونی حیزبی خۆیان لێک جودابکەنەوە. بۆیەکا تا دەهات ریزەکانی بەرەو لێکترازان و پارچە پارچەبوون دەچوو. دوای دروستکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵەی ناوبراو لە کۆنگرەی ١٧ ی خۆیدا تووشی دابڕان بوو،لایەنگرانی ی. ن. کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ناسراو بە ئەکسا دامەزراند.

هەرچەندە وەک بێشکچی دەڵێ: " مەحاڵە بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کوردستان لە مەڵبەندەکانی ئەوروپاوە بەڕێوەببرێن،مانەوە لەو مەڵبەندانە و کردنەوەی نوسینگە لەوێ کارێکی گرنگە،بەڵام بەو مەرجەی بنکەکان لە کوردستان بن".

ئەم بۆچوونە بە دوو ئاڕاستەدا، بایەخی هەیە.. یەکەم کوردستان مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتە. دووەم خەباتی خوێندکاریی و پیشەیی لەدەرەوەی کوردستان گرنگە،بەس جێگرەوە و هاوشانی ئەوەی وڵات نییە.

سەرئەنجامی وابەستەیی توندی کۆمەڵە بە سیاسەتی پارتییەوە و دوورکەوتنەوە لە ئەرکە سەرەکییەکانی خوێندکاران و بڵندکردنەوەی دروشمی سیاسی و سەرسەختی ئەقڵێتی حیزبی و وورده جیاوازی دیکەش، کۆمەڵەی کەرتوپەرت کرد...

ئەو رێکخراوانەی، لەو ساتەوەختەدا، لە ئەوروپا هەبوون و چالاک بوون،یاخود دەرئەنجامی پارچەبوونی KSSE هاتنە کایە، بریتین لە :

- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، KSSE ، Kurdisahe Students,Society in Europe.KSSEمەڵبەندی بەرلین،نێزیک بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، KSSE، مەڵبەندی پراگ، نێزیک بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون.

- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات،AKSA، Association of Kurdistan abroadدوای دروستبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتە کایەوە و نێزیک بەمان بوو. لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە،دەستەیەکیان لێ جیابۆوە ،بە تایبەت لە بەرلینی رۆژاوا و ئەڵمانیا،بەهەمان ناو کاریان دەکرد و وەک ئەکسا،مەڵبەندی بەرلین ،یان ئەکسای جیاوەبۆوە ، دەناسران.

- یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئەوروپا،ساڵی UKSYE، Union oft the

Kurdistan Student and Youths in Europe نێزیک بوون لە پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان،ساڵی ١٩٨٢ دروست بوو.

- لاوانی سۆسیالیستیش چەند کەسێکی کەمبوون و لە هەندێ وڵات هەبوون،نێزیک بوون لە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان.

هەر لەم روانگەیەوە سەخت بوو، بۆ کەسێکی نەتەوەیی،لە رێکخراوێکی خوێندکاری وابەستە بە حیزبێکی چەپەوە کار بکات..یاوەکو بەشی هەرە سەرەکی دروشمی ئەو حیزبانەی پاش هەرەس هاتبوونە کایەوە، بە گوتەی ئیمڕۆ لە چوارچێوەی داگیرکەرچێتی عێراقچێتی،ترکیاچێتی،ئێرانچێتی،سوریاچێتی و شورەویپەرستیدا خولیان دەخوارد. کەسێکی نەتەوەیش خاوەنی باوەڕ و هەڵوێستی راستەقینە، هەرگیز ئامادە نەبوو،بچێتە ژێر چەتری سیاسەتی نا کوردستانی ئەم رێکخراوانەوە.

پارت سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک ـ یەک لە حیزبانەیە،کە لە ١٩٧٥/٩/١١ دا، پاش هەرەس ڕسکاوە و پێی ناوەتە نێو قۆناخی خەباتەوە. پاسۆکیش ،وەک هەموو ئەوانی دیکە،ناچار بوو بیری لە دروستکردنی رێکخراوێکی تایبەت بە خۆی، بۆ ئەندام و دۆست و لایەنگرەکانی دەکردەوە. چونکە مەحاڵ بوو،هاوبیرێکی پاسۆک خۆی لە خانەیەکی هزری و چوارچێوەیەکی دیکەی سەددەرسەدی ناکوردستانیدا ببینێتەوە. ئەو ساتەوەختە،کۆمەڵی لە هاوبیرەکانی پەڕیدەی هەندەران بووون، بە تایبەت کاک کوردۆ عەلی، بە پشتیوانیی مامۆستا جەمال نەبەز و کاک بروسکە ئیبراهیم . لە بەر رۆشنایی خەبات و تێکۆشانی نوکسەدا و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەو رێکخراوە و کەسایەتییەکانیان توانییان رێکخراوێکی نوێ بە ناوی: رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ـ سۆکسە ـ لە ١٩٨٠/٩/١١ دا دابمەزرێنێ. تا لەم رێگایەوە هاوبیران کۆبکرێنەوە و ببنە خاوەنی دەنگ و رەنگ و سەکۆی خۆیان. بەو واتایەی هاوبیرانیش، بتوانن بە نەخشی خۆیان رۆڵیان لە خزمەتکردنی دۆزی کورد و رەهەندە

فەرهەنگیی و سیاسییەکەیدا بگێرن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی یاسایی گرنگیش بکەم، ئەویش ئەوکات،لە ئەوروپا هیچ پارتێکی سیاسی ،رێگەی کاری سیاسی پێنەدەدرا،ناچارانە ئەم رێکخراوە خوێندکارییانە دەبوونە پێش قەرەوڵی کاروبارەکانیان.

سۆکسە، لە تەمەنێکی کورتی دروستبوونی خۆیدا،کەوتە چالاکی و هەر زوو بووە،یەکێ لە بەهێزترین و دیارترین رێکخراو و لە سەرتاسەری ئەوروپا و دەرەوەی وڵاتدا، لەسەر ئاستی کوردستانی و نێونەتەوەیی، جێ پەنجەی بە تێکۆشانەوە، لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا نەخشاند.

شیاوی باسە، هەموو رێکخراوە خوێندکاریی و پیشەییەکان، بانگاشەی سەربەخۆییان دەکرد، لێ لە راستیدا لە پشت هەر یەکێکیانەوە، پارتێکی سیاسی هەبوو. سۆکسەش جگە لەوەی پاسۆک راستەخۆ لە پشتی بوو، هەرنەبێ زێتر لە ٤/٣ ئەندامەکانی هاوبیری پاسۆک بوون. بەشێکی کەمیان خۆیان بە کاژیک دادەنا و ژمارەکی ئێجگار کەمیش خۆیان تەنیا هەر بە سۆکسە دەزانی و لە ئەوروپا هاتبوونە نێو ئەم رێکخستنە نەتەوەییەوە و ئارەزووی کاری حیزبایەتییان نەدەکرد.

بەڵام هیچ هاوبیر و کەسێک لاری لە نێزیکی سۆکسە بە پاسۆکەوە نەبوو. بە پێچەوانەوە پشتیوانی هاوبیرانی کوردستان بووبووە، بەشێک لە خەباتی کوردبوون و سەرچاوەی ئیلهام، بێ ئەم ژێدەرە/مرجع هەستی نامۆیی و دوورە وڵاتی، تا ڕادەی خەسان و وشکبوونەوە، تاکی کوردی کوشتبوو.

ئەوەی ئەلفوبایەک لە سەرەتاکانی سیاسەت بزانێ و ریالیستانە لە پرسی کورد،بڕوانێ، دەزانێ پێداویستی و ئەرک و شێوەی خەبات لەسەر گۆرەپانی کوردستان،کە مەیدانی راستەقینە و کاریگەر و کارای خەباتە،فرە جیاوازە لە کار و تێکۆشانێک لە دەرەوەی جوگرافیای ئەم نیشتمانە داگیرکراو و دابەشکراو و گەمارۆدراوە.

د. کەمال فوئاد دەڵێ: هیچ گومان لەوەدا نییە،کە بناخەی راستی تێکۆشانی گەلی کورد لە خاکی کوردستان خۆی دایە و جێبەجێکردنی مەسەلەی کوردیش بە پلەی یەکەم بەستراوە بەو تێکۆشانەوە کە سەرچاوەکەی لە خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێ.

هەر کار و تێکۆشانێ لەدەرەوەی کوردستان، گرێ نەدرابێ بە کوردستانەوە،چەند هەوڵ و توانای خۆی بخاتە گەڕ،هەر سست و بەرەو ووشکبوونەوە دەچێ.ئەمەش حوکمی واقیعی خەباتە.واقیع لە کوێ بێت و چی داوا بکات،لەوێدا زەمینەی دروستی تێکۆشان شین دەبێت. ئەوەی دەرەوەی واقیع دەتوانێ رۆڵی هاوکار و پاڵپشتی بگێرێ. کامیل ژیریش دەڵێ: کێڵگەپرەسەنی کوردایەتی،کوردستانە.

هەر لەبەر رۆشنایی ئەم راستی و پرینسیپەدا، ئەرکی سۆکسەش بوو،رەنگ بە سیاسەت و رێبازی پاسۆک بداتەوە،کە لە کوردستان ئاڵا بەدەستی خەباتی کوردایەتی بوو. خاوەن بارەگا و پێشمەرگە و پێوەندیی کوردستانی بوو. چەتری راستەقینە و بەرهەستی کۆکەرەوەی وزە و توانای هەڵگرانی بیری نەتەوەیی بوو. پێوەندیی ئۆرگانی سۆکسە لەگەڵ پاسۆکدا، هەر وەک هەرگیز شتێکی شاراوە نەبووە لە هیچ هاوبیر و کەسێک، هەمان کات سەرچاوەی هێزێکی وزەبەخش و تروسکەی هیوا و پشتیوانی گەورە بوو بۆ هاوبیران و سۆکسە.

سکرتێری سۆکسە،نوێنەر- هەمیشە بەپرسی پاسۆک بووە لەئەوروپا. بەپێی هەلومەرجی پێویست راپۆرت لە نێوان سەرکردایەتی پاسۆک و لقی ئەوروپادا ئاڵوگۆڕ کراوە. هاوکات سکرتێر و کۆمیتەی

بەڕێوەبەرایەتی سۆکسەش هەمان جۆر پەیوەندییان هەبووە. هەر بۆ نموونە دروشمی کۆنگرەی ٣ و ٤ ی سۆکسە، ئامانج و شادەماری پاسۆکن.

سۆکسە بڵاوکراوە و ئەدەبیاتی پاسۆکی دووبارە چاپ و بڵاودەکردەوە، یادی دامەزراندنی پاسۆک، ساڵانە لە لایەن هاوبیرانی سۆکسە و پاسۆکەوە پێکەوە دەکرایەوە و پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان هاوبیرانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دا هەبوو. گەلێ کۆمەک و یارمەتی دارایی بۆ پاسۆک،لە لایەن هاوبیرانی ڕێکخستنەکانی پاسۆک و سۆکسەوە لە ئەوروپاوە کۆدەکرایەوە. ئەمانە و زۆر کاری تر مشتێکن لە خەرمانی تێکۆشانی ئاشکرای هاوبیران،لە هەردوو ڕێکخستنەکەداشانبەشانی یەکتر.

پاسۆک،لە زەمینەی تەمەنی خەباتی خۆیدا و بە تایبەت لەو قۆناغەدا، مەحکومی کۆمەڵێ هەلومەرج بوو، کە گەلێ جاران، لە دەرەوەی ویستی خۆی کاریگەرێتی لەسەر سیاسەتی دادەنا. بۆ نموونە: چەندین هێزی دیکەی کوردستانی لە گۆڕەپانەکەدا هەبوون و بە هزر و ستراتیژ، لە کوردایەتییەوە دوور بوون و بە تێکڕا سەرگەرمی خەباتێک بوون، لە چوارچێوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تێنەدەپەڕاند، ـ ئۆتۆنۆمیخواز بوون بە هەموو مۆدێلەکانی ئایدۆلۆژیخوازییەوە ـ . سۆسیالیستخوازێک لە چەشنی کۆبای کاسترۆ و رۆمانیای چاوچیسکۆ!!.

ئێ بۆ پاسۆک، کە پارتێکی نەتەوەییە و لە هەر لە ڕسکانیەوە بانگەوازی یەکێتی و تەبایی ریزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کردبووە دروشمی نێوەندی خۆی، و لەبەر ڕۆشنایی تیشکی بیروباوەڕ و ڕێبازەکەیدا کاری لەسەر گوتاری تەبایی و یەکێتی نێو ڕیزەکانی بزاڤی نەتەوەیی دەکرد، نەدەبوو هەوڵی هەڵگیرساندنی شەڕی دەستەویەخەی ئەم حیزب و لایەنانە بدات، چونکە شەڕکردن هەم خزمەت بوو بە داگیرکەرانی کوردستان، هەمیش پێچەوانەی دروشم و چەمک و ستراتیژ و گوتاری نەتەوەیی کوردە،کە پاسۆک لە بنچینەدا وەک پرنسیپ باوەڕی پیی نەبوو. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ سەرباری گەمارۆدراوی ،دیسان هەرگیزاو هەرگیزیش ئامادەی سازش نەبوو، لە سەر پرنسیپە بنچینەییەکانی کوردبوون و کوردایەتی و چ بازرگانی و هەرزانفرۆشییەکیشی ،بە ستراتیژی رەوای نەتەوەییەوە نەدەکرد.

بۆیە کەموزۆر دەبوو بە ئاوەزوو و دیقەتێکی وردبینانەوە، مامەڵە لەتەک ئەم بارودۆخەی ئەو هەموو کۆمەڵە هێزە چەکدارەدا بکرێت. و هاوساتیش هەبوونی ئەو کۆمەڵە هاوبیرەی پاسۆکیش لە کوردستان،کە لە بەردەم ئەو هەموو هەڕەشە و ئابڵووقەدانەدا لەبەرچاو بگیرێ و ناکرێ سەربەخۆ و نابەرپرسانە، بەردەوام لەشەڕە دەندوکی لایەنەکان و پەلاماردانیاندا بین.

مامۆستا جەمال نەبەز و چەند کەسێکی هێجگار کەم، لە نێو سۆکسەدا، دەربەستی لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییانە نەبوون و دەیانویست لە گۆڕەپانی پانوبەرینی ئەوروپاوە، بڕیار بۆ کوردستان بدەن و سۆکسەش بۆ مەرام و ئامانجەکانی خۆیان وەکابەرن. بە کورتی ئەو ئەقڵێت و سیاسەتی مامسەلمێنییەی ئەوانە نوێنەرایەتییان دەکرد، روانگەیەکی لە پشتەوە بوو، دەخوازرا شێوازێکی دیکەی سیاسەت بگیرێتە بەر و ئەوروپا بکرێتە مەیدانێک، بۆ بەگژداچوونەوەی لایەنەکان و بەرتەسکردنەوەی جموجوڵەکانیان.

رەنگە ئەمەش کارتێکی باش بوایە، وەک تاکتیک بۆ کاری سیاسی و گوشار هێنان بۆ لایەنەکانی دیکە، لێ دیسان بەرامبەر بە سیاسەتکردن لەسەر زەمینەی واقیعی کوردستان کورتی دەهێنا و نەدەکرا وەک ستراتیژ بەردەوام، کار بەم کارتە بکرێت. بۆیە ئەو بەڕێزانە، کاتێ هەر پێداگرییان دەکرد و دەیانگووت:

دەبێت سۆکسە بە هەموو شێوەیەک سەربەخۆ بێت و دابڕاو بێت لە سیاسەتی پاسۆک و خەباتی کوردستان، ئاڕاستە و هەنگاوەکانی کارکردن، بەرەو نادیار و بنبەست بوون دەچوون.

هەڵبەت داوا و ویستی ئەم چەند هاوبیرە، کە کەمینە بوون و بە ڕای زۆرینەش ڕازی نەبوون، لە بەرامبەر سیاسەتی گشتی سۆکسە دا کارێکی سەخت و مەحاڵ بوو،بە تایبەت بۆ ئەو هاوبیرانەی خۆیان لە وڵات و لەدەرەوە،لە ڕیزەکانی پاسۆکدا خەباتیان کردبوو و قوربانییان دابوو. دەرئەنجام هەڵوێست و ڕوانگەکەیان، نەیتوانی جێی خۆی لە نێو هاوبیراندا بکاتەوە و زۆرینەی دەنگ و هەڵوێستەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و بە پرنسیپی زۆرینە و کەمینەش ڕازی نەبوون.

ئەم بۆچوون و دەنگە کەمینەیە، هاوشانی بەهێزبوونی سۆکسە و پەلهاوێشتنی چالاکییەکانی، تا دەهات بڵندتر دەبۆوە. ڕەنگە لە چەند خاڵ و پرسێکدا،بە پێودانگی ئەوروپا،و لە ڕووی تیۆریی ڕووتی دوور لە واقیعەوە ، چەند ڕاستی لە قسە و باسەکاندا هەبووبێ، لێ هەرگیز نەدەکرا و ناکرێ ئەو سیاسەتە لەسەر زەمینەی واقیعی چ ئەوروپا و چ بۆ کوردستان پێڕەو بکرێ. بەکورتی ئەوەی دەویسترا، بە ناوی سۆکسەوە بکرێ، خۆگیرکردن بوو،لە گۆشەیەکدا و دابڕانێکی گەورە بوو لە دەوروبەر و میللەت و واقیعی خەبات، و کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ بوو، بە ڕووی هەموو لایەکدا، شەڕێک کە نە بە پاسۆک و سۆکسە دەکرا و نە باوەڕیشیان پێی بوو. ئەگەرچی پێویستە بگووترێ، هەموو پێداویستییەکانی کار و خەباتی دەوروبەری ناسروشتی پاسۆک و سۆکسەش، بە تێکڕا بە دڵی هەموو هاوبیرانیش نەبوو. بەڵام دیسان لەو واقیعە تاڵ و ئاڵۆزکاوەدا، تەنیا ئەوە شیاوی هەڵسوڕاندن و دەستەبەرکردن بوو، کە کرا.

بەکورتی و کرمانجی ئەوەی لە سۆکسە دەوا دەویسترا،نەدەکرا نێوی بنێی سیاسەت و واقیعبینی و خوێندنەوەی دروستی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی. چونکە لەو پێوەندییەدا،چ دەرەتانێ بۆ سۆکسە و پاسۆک نەدەمایەوە، جگە لەوەی دەبوو هەردەم، پێوەندی گرژ و ئاڵۆز و ناتەندروستی، لەگەڵ لایەنەکانی تردا هەبێت و نەتوانێ ڕۆڵی ئەرێنی و کارای خۆی لەنێو هاوکێشەیەی دۆزی کورد دا،بە دروستی بگێڕێت.دووریش نەبوو، سەرقاڵی پاسۆک و سۆکسە بەم بەرەیەوە، بە ئاکامێک بگەیشتایە، ئەرکە سەرەکییە نەتەوەییەکەی خۆی لە بیربچێتەوە یاخود لە بار بەرێت.

ئا لەم چرکەساتەدا،کە بەشی هەرە زۆری هاوبیرانی سۆکسە،هاوبیری پاسۆکیش بوون و ئاگاداری ئەو پێوەندییە ئۆرگانییەی هەردوو لابوون و بە حوکمی هەر ناهەموارییەک بێت،پەراگەندەی ئەوروپا بووبوون،خەباتی خۆیان لە ئەوروپاش بە درێژکراوەی بێ چەندوچوونی خەباتی وڵات و نێو ریزەکانی پاسۆک دەزانی و بە هەموو قەناعەت و باوەڕێکەوە،سەرباری هەندێ وردە سەرنج و تێبینی تایبەت، متمانە و باوەڕیان بە شێوەی خەبات و سیاسەتکردنی هاوبیرانی کوردستان هەبوو،خۆشییان بە ئاوێنەی باڵانمای دەنگ و ڕەنگ پێدەرەوەی ڕێبازی پاسۆک بەتایبەت و کوردستان بە گشتی دەزانی و سەرجەم کار و چالاکییەکانیان بە ئەڵقەیەکی زنجیرەی خەباتی پاسۆک دەزانی... بە کورتی بە لای زۆرینەی هاوبیرانی سۆکسەوە، پاسۆک لە کوردستان سەرچاوەکە بوو، بە گیان و جەستە و خوێن و فرمێسک، مێژوو دروست دەکات و ئەوانی هەندەران جۆگەلەی ئەو سەرچاوەیە بوون.

ئا لەم بارودۆخە هەستیارەدا ئەو دەستەیەی سەربەخۆیی ڕەهای سۆکسەیان لە پاسۆک و کوردستان دەخوازی،دەیانویست بۆ مەبەستەکانی خۆیان، سۆکسە بەبارێکی دیکەدا هەڵسوڕێنن و بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی پاسۆک و کوردستان بیکەنە چەکێکی هێرش بردنە سەر هەموو لایەک. دەستەی زۆرینەی سۆکسەش داوای لەبەرچاوگرتنی چەندایەتی و چۆنایەتی بارودۆخی کوردستان و پێگەی پاسۆک و ژیانی

هاوبیرەکانیان دەکرد. شایانی وەبیرهێنانەوەیە، ئەو ڕۆژانە شەڕی ئێران و ئێراق لە گەرمەیدا بوو، کوردستان بووبووە مەیدانی ئەو شەڕە نەگریسە، پێوەندییە سیاسیەکانی ریزەکانی کوردایەتی دووچاری لێکترازان و شەڕی یەکترکردن بووبووەوە. رژێمەکەی سەددامی بەعسی ئەفلەقیش بەرنامە و نەخشەی راگوێزان و تواندنەوە و بە عەرەبکردنی کوردی بە ئاشکرا راگەیاندبوو،چەندیشی پێبکرا،هاوشانی شەڕەکەی لەگەڵ ئێراندا، جێبەجێی دەکرد.

لە بارودۆخێکی وا داسەپاوی پڕ مەترسیدا، ئەرکی پارتێکی نەتەوەیی بەر لە هەر دروشمێ،بانگەوازە بۆ پاراستنی یەکێتی و تەبایی لایەنەکان و تکا و هاواری بەردەوامە بۆ یەکێتی گوتار و ریزەکانی نەتەوە.

پاسۆک لەم مەیدانەدا، لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی گەورە و ترسناکدا خۆی دەبینییەوە، بۆیە تاڕادەی خۆ توانەوە ئامادەگی پێکهێنانی یەکێتی و یەکگرتن و تەبایی لەگەڵ لایەنەکاندا هەبوو.بە مەرجێک کە لە حوکمی بەڵگەنەویستدا بوو،مەرجی بەهێزبوونی بازووی کوردایەتی و سەنگەری خەبات بۆ پارێزگاریی لە کورد و کوردستان. پاسۆک ئەمەی دەکرد و لە پێناوی ئەم هیوا و ئامانجەشدا،قوربانی و باجی زۆری دا. دیارە کارکردن بە پێچەوانەی ڕەوتی ئەم گوتارەوە، مانای نەرێنی و بیر و سیاسەتی ناکوردایەتی دەنوێنێ،بۆیە دەبوو بە هەر جۆرێک بێت، سۆکسە و پاسۆک خۆی لێ دوورە پەرێز گرن.

مەخابن دەستەی نێوبراو، نەک ئەمەیان پێ هەرس نەدەبوو، بەڵکو بە جۆرێک لە سازشییان دادەنا. هەربۆیە بەردەوام پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد، ئەوەی بۆ ئەوان لە پایتەختەکانی وڵاتانی ئەورووپا بە ئاسانی دەگووترێ و دەکرێ، پێویستە هاوبیرانی کوردستانیش هەروا بکەن.

بە دیدی من سەرجەم کێشەی ئەو هاوبیرانە، ـ ئەگەرچی بە دڵ و گیان بۆ کورد و کوردستان دەژیان ـ لە ئاکامی دوورییان لە نیشتمان، ناواقعیبوون و بێ ئاگابوون لە سروشتی ژیان و تێکۆشان و پێوەندییەکانی نێو کوردستان و لە هەلومەرجی خەبات و گۆڕانکارییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

هەڵبەت، دابڕان و لێکجودابوونەوە لە هەر حیزب و ڕێکخراوێکدا ڕوو بدات،زیان و کاریگەرێتی نەرێنی خۆی هەیە. ئەوەی لە دەروونی سۆکسەشدا دەکولا،شەڕی دەسەلات و پلە و پایە نەبوو، بەڵکو نەدۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی بێ زیان و هەڵنەبژاردنی میکانیزمێکی گونجاو و پراکتیکی بوو بۆ کێشەکان. ئەم بارەش ژینگەیەکی دروست کردبوو، بارگاوی بە توڕەیی هاوبیرانی کوردستان، کە لە شاخ بوون و بارەگایان هەبوو،بەرپرس بوون لە ژیانی پێشمەرگە و چارەنووسی حیزب و ئاڵای بیروباوەڕی کوردایەتی. هاوبیرانی کوردستان خۆیان بە نەخشەکێشی سەرەکی و ئاڵا بەدەست و سەرچاوەی سیاسەتەکە دەزانی،چونکە لەسەر زەمینی واقیعدا بوون، گیانبازیشیان بە کردەوە بۆ دەکرد. هەموو لق و پۆپەکانی تریش بە ئەورووپاشەوە، بە جۆگەلە دەزانی. ڕاستیش هەروایە،بە چاوی ئەوسا و ئەقڵێتی ئێستاشەوە هەمیشە،هەر کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشانە. ئەم حاڵەتە ڕەوایەتی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی ڕەهای پێ بەخشی بوون. بەس دەبوو هەنگاوەکەیان بە شێوزێکی وا تەواو بەرپرسانە هەڵبگرتایە،ئەو گورزە قورسە لەو کاتەدا لە سۆکسە و هاوبیران نەدرێ. مخابن ئەم حاڵەتی ڕەوایەتی وەرگرتن و تووڕەییە توندەی کاک ئازاد نوێنەرایەتی دەکرد،بووە پەردەیەکی ئەستوور و ڕێگەی لە بیرکردنەوەیەکی عەقلانی و چارەسەرێکی حەکیمانە گرت. بۆیەکا ئەو زیانەی بەر پەیکەر و جەستەی سۆکسە و هاوبیران کەوت، هی کۆی گشتی هەموانە و سەد ئەفسووس، نەدەبوو کارەساتی وا، لە پای هیچ ڕووی بدات. دەبێ ئەوەش بگووترێ هیچ لایەک، پلانی بۆ ئەم دەرئەنجامە دڵتەزێنە

دانەڕشت بوو، بەڵکو ڕووداوەکە بەرهەمی ناڕاستەخۆی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی نالەبار و ناسروشتی و ئاڵۆزی ناوەوەی کوردستان بوو. شیاوی ئاماژە پێدانە، ئەگەرچی باس لە جیابوونەوە و کەرتبوونی ڕێکخراوێک و بەرەیەکی هاوبیران دەکەین، لێ جیابوونەوەکە بە چاوپۆشی لە هەندێ پێشهاتی بچووک، بە ئاشتی و هێمنی و ژیوەری بە ئەنجام گەیشت. ئەمەش نموونەیەکی دەگمەنی دنیای سیاسەت و حیزبی کوردی و کوردستانییە.

ئەو چەند هاوبیرەی ئەوروپا،بە هەموو شێوازێک مام سەلمێنیان دەکرد و نەیان دەویست، ددان بەم ڕاستییەدا حاشاهەڵنەگرەدا بنێن و واقیعەکە، ئەگەرچی تاڵیش بێت، تا دەرەتان و قۆناخێکی باشتر قبوڵی بکەن. ڕەنگە هاوبیرانی ئەوروپاش،ئەوانەی لەم نێوەندا بوون و لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵوێستی ئەوروپا و کوردستان بوون، وەک پێویست نەیان توانییێ لە نێوان ئەم دوو دیدە جیاوازەی ـ نەک دژ بەیەکە ـ هاوبیران دا کاک ئازاد مستەفا و جەمال دا، ژینگەیەکی ئارام و تەندروست بۆ گفتوگۆ ساز بکەن و توانایەکی زیات بۆ لێک نزیکبوونەوەان خەرج بکەن.یان بۆیان نەکرابێت میانگیرییەکی ئەرێنی لەم میانەدا بگێڕن.

بە سەرنجدان لەم باسە، بۆمان دەردەکەوێ، بۆ سۆکسە و ئێمەی سەرجەم هاوبیرانیش،سەخت و گران بوو،کەسێکی وەک مامۆستا جەمال نەبەز،کارمان لە تەکدا نەکات و ماڵمان لەیەکتر بترازێ. مامۆستا جەمال جیا لەوەی وەک یەکێ لە دامەزرێنەران و برا گەورەی هەمووان تەماشا دەکرا، هەمان کات، قورسایی خۆی لە گشت مەیدانەکاندا هەبوو. خزمەتە بێشومارەکانیشی شتگەلێک نین نادیدە بگیرێن. هەروەها جیابوونەوە بۆ سۆکسە و هاوبیران، شتێکی چاوەڕوان نەکراو و نەگونجاو بوو،ئاخر بیر و فەلسەفە و ڕێبازی کوردایەتی، بۆ خۆی کاری بەردەوام لەسەر یەکخستن و تەبایی دەکات، ئیدی چۆن دەکرێ هەڵگرەکانی لێک دڕندوگ و ناتەبا بن.بەڕاستی شتێکی ناقۆلا و جێی پرسیارە!.

بۆیەکا گەرەکە پێ لەو ڕاستییە بابەتییە بنێین: بەڵێ ئەم ماڵ جیاییە، گورزێکی گران و زیانی گەورەی بە سۆکسە گەیاند، لێ بەو مانایە کوشندە نەبوو، هاوبیرانی سۆکسە گۆڕ بۆ خۆیان هەڵکەندن و مەیدانەکە چۆڵ بکەن.

دوای ئەو ئاڵۆزی و ناخۆشییانە، هاوبیران بە پەرۆشی و هەوڵی بێوچانەوە، درێژەیان بە تێکۆشان و چالاکییەکان دا و سۆکسە پشوو درێژانە، بەردەوامی بە تەمەنی خۆی لە قۆناغێکی سەختدا بەجێگەیاند و بە زوویی تێی پەڕاند.

شایانی دووپاتکردنەوەیە،ڕەنگە لە ڕووی تیورییەوە هەندێ قسە و هەڵوێستی ئەو کەمە هاوبیرە، لە چەند خاڵ و قۆناخێکدا ڕاست بووبێ. بۆ نموونە لە ڕێی سۆکسەوە، وەک چەکێک کاریگەر هەندێ گوشار ، بۆ سەر ئەو لایەنانە دروست بکەین، واز لە سیاسەتی نادۆستانە و ناکوردانەی دژایەتی و پەلاماری هاوبیرانی نەتەوەیی بهێنن. یان پتر بە لای کوردایەتیدا وەرچەرخێن و وابەستەی دوژمنانی کوردستان نەبن. لێ ڕادەی مەترسییەکانی سەر هاوبیرانی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕێکی نێوخۆی دیکەی براکوژی، یاخود قوڵبوونەوە و درێژەکێشانی براکوژی ئەگەرێکی گەورەتر بوو. چونکە ئەو هێزانەی تر،هەر ناحەزی فیکری پاسۆک نەبوون، بەڵکە لە زۆر هەڵوێستدا، دوژمنکارانەش ڕەفتاریان دەکرد و بە دوای بیانووی پووچەڵدا دەگەڕان، هەڵسوکەوتیان توندوتیژتر بکەن بەرامبەر بە هاوبیرانی کوردستان.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، پاسۆک بە هەموو جۆرە میتۆدێک دژایەتی دەکرا و هەوڵ دەدرا لە مەیدانەکەدا گۆشەگیر بکرێ. لەمەش بڤەتر ئەوە بوو، ئەو هێزانە چەک بەدەست بوون، نە سڵیان لە پەلامار و کوشتن دەکردەوە و نە لە پلان و ئاژاوەگێری خۆیان وازیان دەهێنا. داگیرکەرانیش فیتنەگێری بێبڕانەوەیان لە کاردابوو.

ئیدی تۆ لە ئەوروپا هەزاران بەیاننامەت دەکردایە و سەدان ناڕەزاییت دەربڕیبایە و چەندین خۆپیشاندانت ساز بکردایە، چارەسەری ئەو کێشانەی پێ نەدەکرا و نەدەبووە فریادڕەسی، پاسۆک و پرسە نەتەوەییەکە. ئەوەیشی نابێ لە بیرمان بچێ ئەوەیە، لەو قۆناخەدا، زیاتر ئەقڵێتی کەڵەگایەتی و ملهوڕی و قبوڵنەکردنی یەکتر و بانگاشەی حاکم و قارەمانی گۆڕەپان لە نێو هێزەکان دا زاڵ بوو، نەک پرنسیپ و باوەڕی هاوچارەنووسی و هاوخەباتی ڕاستەقینە و هاوتا و تەندروست.

هەقیقەتی مەسەلەکەش ئەوە بوو،بەڵێ ئەوان/ لایەنەکانی دیکە، زۆرجاران زیاد لە ناحەز و هاوپەیمانی ڕەفتاری خراپیان بەرامبەر بە پاسۆک دەکرد، لێ هەر نەدەکرا، ئێمە لە ژێر پەردەی هاوپەیمانیدا بەو شێوە زبر و زەقە، هێرش بکەینە سەریان و دەبێ ددان بەو ڕاستییەشدا بنێین، لەگەڵ ئەوەشدا کە پاسۆک باوەڕی پێی بەو دۆخە نەبوو، هاوزەمانیش هەر پێشی نەدەکرا.

دەرئەنجامی ئەم ململانێ هێمنانە، هاوبیرانی دیکەش،کە زێتر لە ٦/٥ی پێکدەهێنا و زۆرایەتی ڕەهابووین،لە ئاکامی خوێندنەوەیەکی بەدیقەتی بابەت و مەسەلەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییە بەڵگەنەویستانەدا، هەڵوێستمان بەلای هاوبیرانی کوردستاندا شکایەوە. ئەم بڕیار و هەڵوێستەش، بە پێی هیچ پلان و فڕوفێڵ و ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی یان ڕک لەم یان لەو نەبوو، یاخود گوێڕایەڵی کوێرانە نەبوو، بۆ هیچ کەس و لایەک. بەڵکو کتومت لەگەڵ واقیعی دۆخە سەپاوەکەدا، جووت دەهاتەوە و ئەوسا و ئێستاشی لەسەر بێت، هەر خەباتی ناوەوەی وڵات،لەبەرتر و گرنگتر و سەنگینترە، لەوەی لەدەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێ. ئەمەش مانای کەمکردنەوەی بایەخی چالاکی و تێکۆشانی دەرەوەی کوردستان نییە.

بەهەرحاڵ ئەوەی نەدەبوو ڕوو بدات، لەدەست دەرچوو و قەوما، گەر سینەفراوانی و ئاوەزێکی زرنگانەتر و پشوودرێژتر و ڕۆحێکی گەورەتری بەرپرسیارێتی و وردبینی و ئایندە خوێندنەوەیەکی باشتر لە ئارادابوایە،ئاکام بەوە نەدەچوو کە پێی گەشت .

خۆ هەر نەبێت دەکرا، ئەو کێشەیە، لەسەر بنچینەی کارسازییەک یان جۆرە ڕێکەوتنێکی ژێربەژێر و تاکتیکئامێز، چارەسەر بکرایە،تا هەلومەرجێکی باشتر سەری هەڵدەدا. بۆ نموونە دەکرا:

١ـ پاسۆک،بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆی لەبەرهەم و بۆچوونەکانی جەمال نەبەز دوورەپەرێز بکات. ئەوانەی تێبینییان لەسەر دروست دەبوو.

٢ـ مامۆستا جەمال نەبەز ڕازی بوایە، ئەو بەرهەمانە بە ناوی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە، نەک بە ناوی سۆکسەوە. بە واتایەکی دیکە لەمەیدانی دیکەدا ـ ڕۆشنبیریی و فکری ئازاد دا ـ، کار بکات بۆ بیروباوەڕی کوردایەتی. بەمەش هاوسەنگێتی خەباتی ناوەوە و دەرەوە دەهاتە کایەوە و هەر لایەک دەیتوانی بڕەک سەربەستر کارەکانی بکات.

٣ـ هەر بۆ ڕای گشتی نادڵخوازانەش بوایە ،ڕوونکردنەوەیەک لەم بارەوە بڵاوبکرایەتەوە.

بەڵام لێک تێنەگەیشتن و دەرنەچوون لەو کوێرە ڕێیە، بەو دەرئەنجامە گەیشت بیروبۆچوونی جیاواز هاتە کایەوە و گرژییەکان تا دەهات زەق دەبۆوە، دوا وێستگە گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٥ دا کێشەکە بەم جۆرە یەکاڵا بکرێتەوە:

ـ داوا لەو دەستەیە کرا، بچنەوە/ بێنەوە کوردستان و ئەوان چی بە باش دەزانن، لە بیروبۆچوون و شێوازی سیاسەتکردن بیکەن و بیڵێن، سەرکردایەتی و بنکردایەتی پاسۆک لە خزمەتی بۆچوونەکانیان دا دەبن. لێ ئەمان بە هیچ شێوەیەک بەم داوایە ڕازی نەبوون و خۆیان خستە نێو لێکدانەوەی سەیروسەمەرە و کەوتنە هۆنینەوەی چیرۆکی نادروستەوە.

ـ یان ئەوەتا، سۆکسە، دەبێت ڕەنگدەرەوەی سیاسەتی گشتی پاسۆک بێت. ناکرێ پاسۆک لە بەرە و هاوپەیمانێتی دا بێت، لەگەڵ لایەنەکانی کورد و کوردستانیدا، کە فەرزی قۆناخ و گۆڕەپانەکە بوو. بەڵام سۆکسە لە ئەوروپاوە هێرش و قسەی توند بەرامبەر بەو لایەنانە بکات و سەروبەری گوتاری خۆی تەرخانی دژایەتی لایەنەکان بکات. ئاخر هاوپەیمانێتی و هاوچارەنووسیش پرنسیب و نەریتی خۆی هەیە.ڕاستە هەندێ لایەن پێڕەوی لێ ناکەن و هەر سات و کاتێ بەپێی بەرژەوەندی خۆیان هەڵیدەسووڕێنن،بەڵام بۆ پارتێکی نەتەوەیی وەک پاسۆک، نەدەکرا بە پێودانگی ئەوان هەڵسوکەوت بکات و وەک لایەنەکانی دیکە خەمسارد و تاکتیکباز بێت، لەگەڵ ئەم داوا ژیاریی و هەستیارە. پاسۆک ناچار بوو، بە پێی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، لە مەیدانی هەوڵ بۆ یەکێتی و تەبایی بزاڤی کوردایەتی کار بکات. لە کاتێکدا،وەک مێژوو بۆی تۆمار کردووین و نیشانمان دەدات، بە درێژایی دووهەزارساڵەی ڕابردوومان، ناتەبایی و نا یەکگرتوویی هۆکارێکی بەرهەست و بەرچاوی نێگەتیڤی تێشکان و نسکۆکانمان بووە.

دواجار،ئەو هاوبیرانە ریزەکانی سۆکسەیان جێهێشت و سەرەتا ویسترا بە ناوی سۆکسەوە کار بکەن، لێ بۆیان مەیسەر نەبوو. هاوکات بۆ ماوەیەک دژی سۆکسەی دایک وەستانەوە. ئەوەشیان بۆ نەچووە سەر.

بەڵام سۆکسەی زۆرینەی رەها، هەرماو و بەردەوام بوو لەسەر چالاکییەکانی و کۆنفرانسێک لە وڵاتی سوید، لە ڕۆژانی ٤ و ٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ دا گیرا و بەدوورودرێژی باس لە کێشەکان کرا بە ڕێزەوە ئاماژە بە نابەرپرسیارێتی خۆی لە بەرهەمەکانی مامۆستا جەمال ڕاگەیاند. دواتر لە ڕۆژانی ٢٥ـ٢٧/٧/١٩٨٦ دا، ئەو کەمە هاوبیرە لە هانۆڤەر کۆنگرەیەکیان بە ئامادەبوونی چەند کەسێ گرت و بە بەیاننامەیەک لای خۆیانەوە سۆکسەیان هەڵوەشاندەوە. بەڵام سۆکسە تا نزیکی بیست ساڵ دوای ئەوەش هەر مایەوە و درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

شایانی ئاماژە پێدانە،هەر ئەم دەستەیە،پاشان ڕێکخراوێکی تریان بە ناوی "کۆمەڵەی یەکسانی و ئازادیی کورد(کۆیاک)،لە ٤/٤/١٩٨٧ دا ڕاگەیاند. لە کاتێکدا ئێمە ئەم هەنگاوەمان گەلێ پێ باش بوو، لێ هەر ئەو ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی پێڕەو و پرۆگرامەکەیان بوو، دەنا لە مەیداندا بە مردوویی هاتە ژیانەوە و هیچی دیکەی بەدوادا نەهات.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین،خودی پاسۆکیش لە تەک سیاسەتی، هاو بەرە و هاوپەیمانەکی، لە هەموو کاروبارەکاندا تەواو هاوڕا و هاوستراتیژ نەبوو. پاسۆک هەردەم لە پرسە ستراتیژی و بنەما گشتییەکانی کوردایەتیدا پێداگری خۆی،لەسەر ئامانج و دروشمەکانی دەکرد و بەڵگەش لەم ڕووەوە زۆرن. بەڵام

سەرباری ئەم ڕاستیانەش دیسان هەر نەدەکرا، لەو قۆناخە هەستیارەدا، ململانێکانیان لەگەڵدا قوڵتر بکەینەوە،ستراتیژ و تاکتیک جێگۆڕکێیان پێ بکرێ و داگیرکەر و دوژمنە سەرەکییەکەمان لەبیر خۆمان ببردایەتەوە و هەر شەڕی لایەنە کوردییەکانمان بکردایەتە ئامانج . ئاخر بەڕاستی ،ڕاگوێزان و گەمارۆدان،کە پاشان هەڵەبجە و ئەنفالی بەدوادا هات کورد و کوردستان، لەبەردەم قڕبوون و سووتماککردندا بوون و هەڕەشەی مەترسیدار بەسەر چارەنووسی کوردەوە بوو.

هەڵبەت هەموو ئەوەش دەزانین، ئەو لایەنانە بەوشێوەیەی خۆیان باوەڕیان پێی بوو، خەباتی چەکدارییان دەکرد. بە باش و خراپ خۆیان لەو مێژووە بەرپرسن. واقیعەکەش وابوو،هەر دەبوو پێوەندی بە شوێنێکەوە بکرێت.ئێران لەشەڕی خوێناویدا لە دژی عێراق تێوەگلا بوو، هێزی پێشمەرگە لەسەر سنوورەکان گیرسابووەوە، ئیدی تەواوی لایەنەکان، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، ببوونە دۆستی ئێران و لە ئێران نێزیک بوون،وەک دەڵێن : دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە.. ئەمەش وای کردبوو، هێزەکان بۆیان هەڵنەدەسوڕا، بەهەمان زمان و سیاسەت، ڕووبەڕووی ئێرانیش ببنەوە. شەڕی سەرەکیش لەدژی هەڕەشە و مەترسییەکانی دەوڵەتی عێراق بوو. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە،لە ئاست مەرگەساتی کورد، بێدەنگی و چاونووقاندن و گوێ قەپاتکردنیان هەڵبژارد بوو.

هەڵبەت، دابڕان و لێکجودابوونەوە لە هەر حیزب و ڕێکخراوێکدا ڕوو بدات،زیان و کاریگەرێتی نەرێنی خۆی هەیە. ئەوەی لە دەروونی سۆکسەشدا دەکوڵا،شەڕی دەسەڵات و پلە و پایە نەبوو، بەڵکو نەدۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی بێ زیان و هەڵنەبژاردنی میکانیزمێکی گونجاو و پراکتیکی بوو بۆ کێشەکان. ئەم بارەش ژینگەیەکی دروست کردبوو، بارگاوی بە توڕەیی هاوبیرانی کوردستان، کە لە شاخ بوون و بارەگایان هەبوو،بەرپرس بوون لە ژیانی پێشمەرگە و چارەنووسی حیزب و ئاڵای بیروباوەڕی کوردایەتی. هاوبیرانی کوردستان خۆیان بە نەخشەکێشی سەرەکی و ئاڵا بەدەست و سەرچاوەی سیاسەتەکە دەزانی،چونکە لەسەر زەمینی واقیعدا بوون، گیانبازیشیان بە کردەوە بۆ دەکرد. هەموو لق و پۆپەکانی تریش بە ئەوروپاشەوە، بە جۆگەلە دەزانی. ڕاستیش هەروایە،بە چاوی ئەوسا و ئەقڵیتی ئێستاشەوە هەمیشە،هەر کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشانە. ئەم حاڵەتە ڕەوایەتی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی ڕەهای پێ بەخشی بوون. بەس دەبوو هەنگاوەکەیان بە شێوزێکی وا تەواو بەرپرسانە هەڵبگرتایە،ئەو گورزە قورسە لەو کاتەدا لە سۆکسە و هاوبیران نەدرێ. مخابن ئەم حاڵەتی ڕەوایەتی وەرگرتن و تووڕەییە توندەی کاک ئازاد نوێنەرایەتی دەکرد،بووە پەردەیەکی ئەستوور و ڕێگەی لە بیرکردنەوەیەکی عەقلانی و چارەسەرێکی حەکیمانە گرت. بۆیەکا ئەو زیانەی بەر پەیکەر و جەستەی سۆکسە و هاوبیران کەوت، هی کۆی گشتی هەمووانە و سەد ئەفسووس، نەدەبوو کارەساتی وا، لە پای هیچ ڕووی بدات. دەبێ ئەوەش بگووترێ هیچ لایەک، پلانی بۆ ئەم دەرئەنجامە دڵتەزێنە دانەڕشت بوو، بەڵکو ڕووداوەکە بەرهەمی ناڕاستەخۆی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی نالەبار و ناسروشتی و ئاڵۆزی ناوەوەی کوردستان بوو. شیاوی ئاماژە پێدانە، ئەگەرچی باس لە جیابوونەوە و کەرتبوونی ڕێکخراوێک و بەرەیەکی هاوبیران دەکەین، لێ جیابوونەوەکە بە چاوپۆشی لە هەندێ پێشهاتی بچووک، بە ئاشتی و هێمنی و ژیوەری بە ئەنجام گەیشت. ئەمەش نموونەیەکی دەگمەنی دنیای سیاسەت و حیزبی کوردی و کوردستانییە.

ئەو چەند هاوبیرەی ئەوروپا،بە هەموو شێوازێک مام سەلمێنیان دەکرد و نەیان دەویست، ددان بەم ڕاستییەدا حاشاهەڵنەگرەدا بنێن و واقیعەکە، ئەگەرچی تاڵیش بێت، تا دەرەتان و قۆناخێکی باشتر قبوڵی بکەن. ڕەنگە هاوبیرانی ئەوروپاش،ئەوانەی لەم نێوەندا بوون و لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵوێستی ئەوروپا

و كوردستان بوون، وەک پێویست نەیان توانییێ لە نێوان ئەم دوو دیدە جیاوازەی ـ نەک دژ بەیەکە ـ هاوبیران دا کاک ئازاد مستەفا و جەمال دا، ژینگەیەکی ئارام و تەندروست بۆ گفتوگۆ ساز بکەن و توانایەکی زیات بۆ لێک نزیکبوونەوەان خەرج بکەن.یان بۆیان نەکرابێت میانگیرییەکی ئەرێنی لەم میانەدا بگێڕن.

بە سەرنجدان لەم باسە، بۆمان دەردەکەوێ، بۆ سۆکسە و ئێمەی سەرجەم هاوبیرانیش،سەخت و گران بوو،کەسێکی وەک مامۆستا جەمال نەبەز،کارمان لە تەکدا نەکات و ماڵمان لەیەکتر بترازێ. مامۆستا جەمال جیا لەوەی وەک یەکێ لە دامەزرێنەران و برا گەورەی هەمووان تەماشا دەکرا، هەمان کات، قورسایی خۆی لە گشت مەیدانەکاندا هەبوو. خزمەتە بێشومارەکانیشی شتگەلێک نین نادیدە بگیرێن. هەروەها جیابوونەوە بۆ سۆکسە و هاوبیران، شتێکی چاوەڕوان نەکراو و نەگونجاو بوو،ئاخر بیر و فەلسەفە و ڕێبازی کوردایەتی، بۆ خۆی کاری بەردەوام لەسەر یەکخستن و تەبایی دەکات، ئیدی چۆن دەکرێ هەڵگرەکانی لێک دڕندوگ و ناتەبا بن.بەڕاستی شتێکی ناقۆلا و جێی پرسیارە!.

بۆیەکا گەرەکە پێ لەو ڕاستییە بابەتییە بنێین: بەڵێ ئەم ماڵ جیاییە، گورزێکی گران و زیانی گەورەی بە سۆکسە گەیاند، لێ بەو مانایە کوشندە نەبوو، هاوبیرانی سۆکسە گۆڕ بۆ خۆیان هەڵکەندن و مەیدانەکە چۆڵ بکەن.

دوای ئەو ئالۆزی و ناخۆشییانە، هاوبیران بە پەرۆشی و هەوڵی بێوچانەوە، درێژەیان بە تێکۆشان و چالاکییەکان دا و سۆکسە پشوو درێژانە، بەردەوامی بە تەمەنی خۆی لە قۆناغێکی سەختدا بەجێگەیاند و بە زوویی تێی پەڕاند.

شایانی دووپاتکردنەوەیە،ڕەنگە لە ڕووی تیورییەوە هەندێ قسە و هەڵوێستی ئەو کەمە هاوبیرە، لە چەند خاڵ و قۆناخێکدا ڕاست بووبێ. بۆ نموونە لە ڕێی سۆکسەوە، وەک چەکێک کاریگەر هەندێ گوشار ، بۆ سەر ئەو لایەنانە دروست بکەین، واز لە سیاسەتی نادۆستانە و ناکوردانەی دژایەتی و پەلاماری هاوبیرانی نەتەوەیی بهێنن. یان پتر بە لای کوردایەتیدا وەرچەرخێن و وابەستەی دوژمنانی کوردستان نەبن. لێ ڕادەی مەترسییەکانی سەر هاوبیرانی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕێکی نێوخۆی دیکەی براکوژی، یاخود قوڵبوونەوە و درێژەکێشانی براکوژی ئەگەرێکی گەورەتر بوو. چونکە ئەو هێزانەی تر،هەر ناحەزی فیکری پاسۆک نەبوون، بەڵکە لە زۆر هەڵوێستدا، دوژمنکارانەش ڕەفتاریان دەکرد و بە دوای بیانووی پووچەڵدا دەگەڕان، هەڵسوکەوتیان توندوتیژتر بکەن بەرامبەر بە هاوبیرانی کوردستان.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، پاسۆک بە هەموو جۆرە میتۆدێک دژایەتی دەکرا و هەوڵ دەدرا لە مەیدانەکەدا گۆشەگیر بکرێ. لەمەش بڤەتر ئەوە بوو، ئەو هێزانە چەک بەدەست بوون، نە سڵیان لە پەلامار و کوشتن دەکردەوە و نە لە پلان و ئاژاوەگێری خۆیان وازیان دەهێنا. داگیرکەرانیش فیتنەگێڕی بێبڕانەوەیان لە کاردابوو.

ئیدی تۆ لە ئەوروپا هەزاران بەیاننامەت دەکردایە و سەدان ناڕەزاییت دەربڕییایە و چەندین خۆپیشاندانت ساز بکردایە، چارەسەری ئەو کێشانەی پێ نەدەکرا و نەدەبووە فریادڕەسی، پاسۆک و پرسە نەتەوەییەکە. ئەوەیشی نابێ لە بیرمان بچێ ئەوەیە، لەو قۆناخەدا، زیاتر ئەقڵێتی کەڵەگایەتی و ملهوڕی و قبوڵنەکردنی یەکتر و بانگاشەی حاکم و قارەمانی گۆڕەپان لە نێو هێزەکان دا زاڵ بوو، نەک پرنسیپ و باوەڕی هاوچارەنووسی و هاوخەباتی ڕاستەقینە و هاوتا و تەندروست.

هەقیقەتی مەسەلەکەش ئەوە بوو،بەڵێ ئەوان/ لایەنەکانی دیکە، زۆرجاران زیاد لە ناحەز و هاوپەیمانی ڕەفتاری خراپیان بەرامبەر بە پاسۆک دەکرد، لێ هەر نەدەکرا، ئێمە لە ژێر پەردەی هاوپەیمانیدا بەو شێوە زبر و زەقە، هێرش بکەینە سەریان و دەبێ ددان بەو ڕاستییەشدا بنێین، لەگەڵ ئەوەشدا کە پاسۆک باوەڕی پێی بەو دۆخە نەبوو، هاوزەمانیش هەر پێشی نەدەکرا.

دەرئەنجامی ئەم ململانێ هێمنانە، هاوبیرانی دیکەش،کە زێتر لە ٦/٥ی پێکدەهێنا و زۆرایەتی ڕەهابووین،لە ئاکامی خوێندنەوەیەکی بەدیقەتی بابەت و مەسەلەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییە بەڵگەنەویستانەدا، هەڵوێستمان بەلای هاوبیرانی کوردستاندا شکایەوە. ئەم بڕیار و هەڵوێستەش، بە پێی هیچ پلان و فڕوفێڵ و ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی یان ڕک لەم یان لەو نەبوو، یاخود گوێڕایەڵی کوێرانە نەبوو، بۆ هیچ کەس و لایەک. بەڵکو کتومت لەگەڵ واقیعی دۆخە سەپاوەکەدا، جووت دەهاتەوە و ئەوسا و ئێستاشی لەسەر بێت، هەر خەباتی ناوەوەی وڵات،لەبەرتر و گرنگتر و سەنگینترە، لەوەی لەدەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێ. ئەمەش مانای کەمکردنەوەی بایەخی چالاکی و تێکۆشانی دەرەوەی کوردستان نییە.

بەهەرحاڵ ئەوەی نەدەبوو ڕوو بدات، لەدەست دەرچوو و قەوما، گەر سینەفراوانی و ئاوەزێکی زرنگانەتر و پشوودرێژتر و ڕۆحێکی گەورەتری بەرپرسیارێتی و وردبینی و ئایندە خوێندنەوەیەکی باشتر لە ئارادابوایە،ئاکام بەوە نەدەچوو کە پێی گەشت .

خۆ هەر نەبێت دەکرا، ئەو کێشەیە، لەسەر بنچینەی کارسازییەک یان جۆرە ڕێکەوتنێکی ژێربەژێر و تاکتیکئامێز، چارەسەر بکرایە،تا هەلومەرجێکی باشتر سەری هەڵدەدا. بۆ نموونە دەکرا:

١- پاسۆک،بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆی لەبەرهەم و بۆچوونەکانی جەمال نەبەز دوورەپەرێز بکات. ئەوانەی تێبینییان لەسەر دروست دەبوو.

٢- مامۆستا جەمال نەبەز ڕازی بوایە، ئەو بەرهەمانە بە ناوی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە، نەک بە ناوی سۆکسەوە. بە واتایەکی دیکە لەمەیدانی دیکەدا -ڕۆشنبیریی و فکری ئازاد دا-، کار بکات بۆ بیروباوەڕی کوردایەتی. بەمەش هاوسەنگێتی خەباتی ناوەوە و دەرەوە دەهاتە کایەوە و هەر لایەک دەیتوانی بڕەک سەربەستر کارەکانی بکات.

٣- هەر بۆ ڕای گشتی نادڵخوازانەش بوایە ،ڕوونکردنەوەیەک لەم بارەوە بڵاوبکرایەتەوە.

بەڵام لێک تێنەگەیشتن و دەرنەچوون لەو کوێرە ڕێیە، بەو دەرئەنجامە گەیشت بیروبۆچوونی جیاواز هاتە کایەوە و گرژییەکان تا دەهات زەق دەبۆوە، دوا وێستگە گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٥ دا کێشەکە بەم جۆرە یەکالا بکرێتەوە:

- داوا لەو دەستەیە کرا، بچنەوە/ بێنەوە کوردستان و ئەوان چی بە باش دەزانن، لە بیروبۆچوون و شێوازی سیاسەتکردن بیکەن و بیڵێن، سەرکردایەتی و بنکردایەتی پاسۆک لە خزمەتی بۆچوونەکانیان دا دەبن. لێ ئەمان بە هیچ شێوەیەک بەم داوایە ڕازی نەبوون و خۆیان خستە نێو لێکدانەوەی سەیروسەمەرە و کەوتنە هۆنینەوەی چیرۆکی نادروستەوە.

ـ یان ئەوەتا، سۆکسە، دەبێت ڕەنگدەرەوەی سیاسەتی گشتی پاسۆک بێت. ناکرێ پاسۆک لە بەرە و هاوپەیمانێتی دا بێت، لەگەڵ لایەنەکانی کورد و کوردستانیدا، کە فەرزی قۆناخ و گۆڕەپانەکە بوو. بەڵام سۆکسە لە ئەورووپاوە هێرش و قسەی توند بەرامبەر بەو لایەنانە بکات و سەروبەری گوتاری خۆی تەرخانی دژایەتی لایەنەکان بکات. ئاخر هاوپەیمانێتی و هاوچارەنووسیش پرنسیب و نەریتی خۆی هەیە.ڕاستە هەندێ لایەن پێڕەوی لێ ناکەن و هەر سات و کاتێ بەپێی بەرژەوەندی خۆیان هەڵیدەسووڕێنن،بەڵام بۆ پارتێکی نەتەوەیی وەک پاسۆک، نەدەکرا بە پێودانگی ئەوان هەڵسوکەوت بکات و وەک لایەنەکانی دیکە خەمسارد و تاکتیکباز بێت، لەگەڵ ئەم داوا ژیاریی و هەستیارە. پاسۆک ناچار بوو، بە پێی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، لە مەیدانی هەوڵ بۆ یەکێتی و تەبایی بزاڤی کوردایەتی کار بکات. لە کاتێکدا،وەک مێژوو بۆی تۆمار کردووین و نیشانمان دەدات، بە درێژایی دووهەزارساڵەی ڕابردوومان، ناتەبایی و نا یەکگرتوویی هۆکارێکی بەرهەست و بەرچاوی نێگەتیڤی تێشکان و نسکۆکانمان بووە.

دواجار،ئەو هاوبیرانە ریزەکانی سۆکسەیان جێهێشت و سەرەتا ویسترا بە ناوی سۆکسەوە کار بکەن، لێ بۆیان مەیسەر نەبوو. هاوکات بۆ ماوەیەک دژی سۆکسەی دایک وەستانەوە. ئەوەشیان بۆ نەچووە سەر.

بەڵام سۆکسەی زۆرینەی رەها، هەرماو و بەردەوام بوو لەسەر چالاکییەکانی و کۆنفرانسێک لە وڵاتی سوید، لە رۆژانی ٤ و ٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ دا گیرا و بەدووروودرێژی باس لە کێشەکان کرا بە ڕێزەوە ئاماژە بە نابەرپرسیارێتی خۆی لە بەرهەمەکانی مامۆستا جەمال ڕاگەیاند. دواتر لە رۆژانی ٢٥ـ١٩٨٦/٧/٢٧ دا، ئەو کەمە هاوبیرە لە هانۆڤەر کۆنگرەیەکیان بە ئامادەبوونی چەند کەسێ گرت و بە بەیاننامەیەک لای خۆیانەوە سۆکسەیان هەڵوەشاندەوە. بەڵام سۆکسە تا نزیکی بیست ساڵ دوای ئەوەش هەر مایەوە و درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

شایانی ئاماژە پێدانە،هەر ئەم دەستەیە،پاشان رێکخراوێکی تریان بە ناوی "کۆمەڵەی یەکسانی و ئازادیی کورد(کۆیاک)،لە ١٩٨٧/٤/٤ دا ڕاگەیاند. لە کاتێکدا ئێمە ئەم هەنگاوەمان گەلێ پێ باش بوو، لێ هەر ئەو ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی پێڕەو و پرۆگرامەکەیان بوو، دەنا لە مەیداندا بە مردوویی هاتە ژیانەوە و هیچی دیکەی بەدوادا نەهات.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین،خودی پاسۆکیش لە تەک سیاسەتی، هاو بەرە و هاوپەیمانەکی، لە هەموو کاروبارەکاندا تەواو هاوڕا و هاوستراتیژ نەبوو. پاسۆک هەردەم لە پرسە ستراتیژی و بنەما گشتییەکانی کوردایەتیدا پێداگری خۆی،لەسەر ئامانج و دروشمەکانی دەکرد و بەڵگەش لەم ڕووەوە زۆرن. بەڵام سەرباری ئەم ڕاستیانەش دیسان هەر نەدەکرا، لەو قۆناخە هەستیارەدا، ململانێکانیان لەگەڵدا قوڵتر بکەینەوە،ستراتیژ و تاکتیک جێگۆڕکێیان پێ بکرێ و داگیرکەر و دوژمنە سەرەکییەکەمان لەبیر خۆمان ببردایەتەوە و هەر شەڕی لایەنە کوردییەکانمان بکردایەتە ئامانج . ئاخر بەڕاستی ،ڕاگوێزان و گەمارۆدان،کە پاشان هەڵەبجە و ئەنفالی بەدوادا هات کورد و کوردستان، لەبەردەم قڕبوون و سووتماککردندا بوون و هەڕەشەی مەترسیدار بەسەر چارەنووسی کوردەوە بوو.

هەڵبەت هەموو ئەوەش دەزانین، ئەو لایەنانە بەوشێوەیەی خۆیان باوەڕیان پێی بوو، خەباتی چەکدارییان دەکرد. بە باش و خراپ خۆیان لەو مێژووە بەرپرسن. واقیعەکەش وابوو،هەر دەبوو پێوەندی بە شوێنێکەوە بکرێت.ئێران لەشەڕی خوێناویدا لە دژی عێراق تێوەگلا بوو، هێزی پێشمەرگە لەسەر سنوورەکان گیرسابووەوە، ئیدی تەواوی لایەنەکان، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، ببوونە دۆستی ئێران و لە

ئێران نێزیک بوون،وەک دەڵێن : دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە.. ئەمەش وای کردبوو، هێزەکان بۆیان هەڵنەدەسوڕا، بەهەمان زمان و سیاسەت، رووبەرووی ئێرانیش ببنەوە. شەڕی سەرەکیش لەدژی هەڕەشە و مەترسییەکانی دەوڵەتی عێراق بوو. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە،لە ئاست مەرگەساتی کورد، بێدەنگی و چاونووقاندن و گوێ قەپاتکردنیان هەڵبژارد بوو.

ڕێکخراوی سۆکسە، لەگەڵ دامەزراندنیدا، بەم دروشمە خۆی ناساند: داوودەزگای خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا، ڕێکخراوێکی خوێندکارانەیە بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشێت کە رێکخراوە خوێندکارە سۆسیالیستەکانی کوردستان بۆی تێدەکۆشن.ئەو ئامانجانەی کە لە دروشمی خوێندکارانەی سۆسیالیستانەی (خوێندەواری یەکی کوردانە) و(پەروەردەیەکی سۆسیالیستانە)دا خۆی دەنوێنێت.بێ گومان هەل و مەرجی تایبەتی ئەوروپا لەلایەن رێکخراومانەوە پێش چاو دەگیرێت.

ئامانجەکانی رێکخراو و چۆنیەتی بەدەستهێنانی مافی ئەندامێتی ،پێکهاتەی رێکخراوەکە و دەرامەتەکەی لە بڵاڤۆکێکی بچکۆلانەدا خستۆتە بەردەست.

تا دەمی لێکترازانەکە بەم پێڕەوە و لۆگۆکەیەوە سۆکسە کاری کرد. پاش ئەوە، لە کۆنفرانس و کۆنگرەی پێنجەوە لۆگۆ و پێڕەوپرۆگرامی سۆکسە گۆڕدراو بە پێشەکییەکی خەست و خۆڵ لەسەر پرسی نەتەوایەتی و ئینجا ئاماژە بە گۆڕانی دروشمی رێکخراو دەدرێ و دەبێتە :( لە پێناوی ڕۆشنبیری یەکی پێشکەوتووانە و سۆسیالیستانە، بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کولتووری نەتەوەییانە). ئامانجی گشتی یەکانی رێکخراومان دەنوێنێ. دواتر لە هەڵکەوت و یاسا گشتی یەکانی رێکخراو و ئامانجەکانی ڕێکخراو و بەدەستهێنانی مافی ئەندامێتی و چوارچێوە رێکخستنەکانی سۆکسە ڕوون کراوەتەوە.

***<u>کۆنگرەکانی سۆکسە:</u>***

١ ـ کۆنگرەی دامەزراندن لە ١٩٨٠/٩/١١دا،لە شاری میونیخ/ئەڵمانیا.

٢ ـ کۆنگرەی دووەم لە ٢٣ ـ ١٩٨٣/٩/٢٥ لە شاری میۆنیخ ئەڵمانیا. لە ژێر دروشمی

**" هەموو هێز و ووزە و توانایەکی بەفەڕ لە پێناوی سەرخستنی کێشەی نەتەوەکەماندا"**

٣ ـ لە ١٨ ـ١٩٨٤/٨/١٩ لە شاری ستۆکهۆڵم سوید. لە ژێر دروشمی

**" تا ملکەچی یەکی نەخستووین،با بۆ ئازادیی یەکگرین"** دروشم و شادەماری پاسۆک.

٤ ـ لە ٢٦ ـ ١٩٨٥/٧/٢٨ لە شاری بەرلینی رۆژاوا ئەڵمانیا لە ژێر دروشمی

**" ئازادی و سەربەستی نەک دیلیێتی و ژێردەستی "** دروشم و شادەماری پاسۆک.

٥ ـ لە ٥ ـ١٩٨٦/٧/٧ لە شاری بەرلینی رۆژاوا ئەڵمانیا لەژێر دروشمی

**" بەرەو یەکگرتنی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و پیشەییەکان لە دەرەوەی کوردستان بۆ ناساندنی خەباتیی رەوای نەتەوەکەمان بە جیهانی دەرەوە "**

٦ ـ ٧/٣١ و ١ ـ ١٩٨٧/٨/٢ لە شاری کۆپنهاگن دانیمارک لەژێر دروشمی

**" بۆ یەکخستنی خەباتی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی کوردیدا"**

٧ـ لە ١٤ ـ١٩٨٩/٧/١٦ لە شاری شتوتگارت ئەڵمانیا لەژێر دروشمی

**" با کوردایەتی و کوردستانی بوون،بزوێنەری خەباتی خوێندکاران بێت لە دەرەوەی کوردستان،لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی خوێندکاری سەرانسەری پتەودا"**

٨ ـ لە ١١ ـ١٩٩٣/٩/١٢ لە شاری بەرلین ئەڵمانیا لە ژێر دروشمی

**"پشتگیریی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستان ئەرکی سەرەکیمانە"**

جێی باسە،کە چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوەی گشتی و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەکرا و هاوبیران لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ڕێکخراوەییدا بوون.بۆ بەشداریکردن لەم کۆنگرانەدا، بەشی هەرە زۆری هاوبیران لە شارەکانی جیاجیاکانی وڵاتانی ئەوروپاوە لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆیان دەهاتنە شوێنی کۆنگرە. شوێن بۆ کۆنگرە بەکرێ دەگیرا و مانەوەش هەر خەرجی بوو زۆربەی هەرە زۆری جارەکان لەسەر گیرفانی هاوبیران. لە بەرلین و ستۆکهۆڵم،بە تایبەت ،هاوبیران دەبوونە میوانی هاوبیرانی ئەو شارانە، چونکە ژمارەی هاوبیران و دۆستان فرە بوو .

لەم کۆنگرانەدا بانگەواز، راگەیاندن، بڕیاری کۆنگرە بۆ دەرەوە و بۆ نێوخۆ دەردەکرا... میوانێکی زۆر بە تایبەت لایەنە کوردی و کوردستانییەکان و ڕێکخراو و پارتە دۆستەکان لە کورد و بێگانە بانگهێشت دەکران و وتار یاخود بروسکەیان دەخوێندرایەوە و هەندێ جاریش سەمینا و کۆڕ گێڕان و ئاهەن ساز دەکرا. هاوبیران بە جۆش و خرۆشی چرکەیەک وەستان بۆ گیانبەختکردووانی کوردستان دەوەستان و بە سروودی ئەی رەقیب کۆتایی بە کۆنگرە و کۆنفرانسەکان دەهات.

***بڵاوکراوەکانی سۆکسە:***

ـ **خوێندکاری کورد**، ٢٨ ژمارەی لێدەرچووە،بە قەوارەی ٢٠/١٥سم

ژمارە ١ ، کانوونی دوەمی ١٩٨٢ ، ٣٦ لاپەڕە.

ژمارە ٢، مارتی ١٩٨٣ ، ٦٠ ل.

ژمارە ٣، مارتی ١٩٨٤ ،٥٤ ل.

هەتا ئێرە ناونیشانی وڵاتی ئۆتریش/ نەمسا، لەسەر گۆڤاری" خوێندکاری کورد"ە.

ژمارە٤، کانوونی دووەمی ١٩٨٦ ، ٥٤ ل.

ژمارە ٥، مارتی ١٩٨٦،٢٨ ل.

ژمارە٦، ئایاری ١٩٨٦، ٣٢ ل.

ژمارە ٧، ئابی ١٩٨٦، ٥٦ ل. لەم ژمارە بەدواوە،ئارمێکی نوێی لەسەر خ.کوردە.

ژماره ٨، تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، ٣٦ ل. لەم ژمارە بەدواوە،خ. کورد لە دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد چاپ دەکراو.ئەم ناوە چووە سەر خوێندکاری کورد.

ژماره ٩، نەورۆزی ١٩٨٧، ٣٦ ل.

ژماره ١٠، ئایاری ١٩٨٧، ٣٢ ل.

ژماره ١١، شوباتی ١٩٨٨، ٣٦ل. لەم ژمارە بەدواوە خ. کورد لە ئۆرگانەوە کرا بە گۆڤار. تادەرفەت بۆ قەڵەمی دیکەشدا پەیدا بێت، بەشداریی بکەن لە خزمەتکردن دا و لاپەڕەکانی خوێندکار بۆ بیر و قەڵەمەکانی تر واڵا بێت.

ژماره ١٢، ئەیلوولی ١٩٨٨ ، ٦٠ ل.

ژماره ١٣، کانونی دووەمی ١٩٨٩، ٥٠ ل.

ژماره ١٤ ، نەورۆزی ١٩٨٩، ٣٢ ل.

ژماره ١٥ ، ئەیلوولی ١٩٨٩ ، ٦٤ لاپەڕە،تایبەت بە کۆچی ناوادەی کاک ئازاد مستەفا.

سەرنج: لە ژمارە ٤ ـ ١٥،خوێندکار لە سوید دەردەچوو ناونیشانی ئەوێشی لەسەرە.

ژماره ١٦ ، مارتی ١٩٩٠ ، ٧٨ ل. ناونیشانی دانیمارک لەسەر خوێندکارە.

ژماره ١٧، ؟بەداخەوە بۆمان پەیدا نەبوو.

ژماره ١٨، مارتی ١٩٩٢ ، ٤٨ ل .

ژماره ١٩، نەورۆزی ١٩٩٤ ،٦٨ ل.

ژماره ٢٠ ، نەورۆزی ١٩٩٥ ، ٥٦ ل.

ژماره ٢١، خەرمانانی ١٩٩٥، ٦٦ ل.

ژماره ٢٢، نەورۆزی ١٩٩٦ ، ٥٢ ل.

ژماره ٢٣، نەورۆزی ١٩٩٧، ٥٢ ل.

ژماره ٢٤ ـ ٢٥، گەڵاریزانی ١٩٩٧، ١٥٤ ل.

ژماره ٢٦، گەلاوێژی ١٩٩٨، ٨٦ ل.

ژماره ٢٧، نەورۆزی ١٩٩٩، ٧٠ ل.

ژماره ٢٨، ..... ٢٠٠١ ، ١٠٨ ل. تایبەتە بە کۆچی دوایی هاوبیر شەماڵ عەزیز.

سەرنج: لە ژمارە ١٦ ەوە،خوێندکاری کورد لە ئەڵمانیا/بەرلین دەرچووە. هەر لەم ژمارەیەشەوە ناوی مانگ و ساڵی کوردیی لەسەر خوێندکار بەرچاو دەکەون. بابەتەکانی خوێندکاری و سیاسی و مێژوویی

و ئەدەبی و رۆشنبیریی گشتی بوون،وەرگێران و گەلێ بابەتی دیکەش بەرچاو دەکەون. خوێندکار بە قەبارەی ۲۱/۱۵،بە بەرگێکی کارتۆنی جوان دەردەچوو.

ـ تروسکە یەک ژمارەی لێدەرچووە لە ۱۹۸۵/۳/۱، لقی بەرلین و ئەڵمانیای رۆژاوا دەریدەکرد.هاوبیران پشکۆ ئەمین و شەماڵ عەزیز سەرپەرشتییان دەکرد.

- Kurdistan Aktuell بە زمانی ئەڵمانی ۲ ژمارەی لێدەرچوو. هاوبیران: عەبدوڵڵا چوارتایی و دۆرێتێ خانی خێزانی و فەرەیدون قازی و هەڵۆ بەرزنجەیی، سەرپەرشتییان دەکرد.

سەرباری باری کزی ئابووری و ژیانی سەختی گوزەران و رێکخراوەیی،سۆکسە لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی ،بەردەوام بوو لە خزمەتەکانی توانی خەرمانێ لە نامیلکە و کتێبی نایاب بخاتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە.

***کتێب و نامیلکەکانی سۆکسە***:

۱ ـ کوردستان وڵاتی راپەرین و ئەفسانە و هومێد.. نوسینی میروسلاڤ زیگموند و جیری هانزیکا..و. لە ئینگلیزییەوە زاگرۆس سیروانی ۱۹۸٤

۲ـ ئەکتەر و ریژیسیۆری کورد یەڵماز گێونی و. لە ئەڵمانییەوە کوردۆ عەلی ۱۹۸٤

۳ـ کورد و مەسەلەی کورد. م. لازەرێف .. و.لە رووسییەوە کەمال عەلی ۱۹۸٤

٤ـ مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی ئاڵمانیدا و. لە ئەڵمانییەوە کوردۆ ۱۹۸٥

٥ ـ دوانزە وانە بۆ منداڵان، عەبدوڵا پەشێو لقی هۆڵەندە ۱۹۸۲

٦ـ فی ظلال العمامة ، لقی سوید ۱۹۸٤

۷ـ دەربارەی کۆتاییهاتنی ووتوێژی یەکێتی نیشتمانی و میریی نیشتمانیی!!! سۆکسە ۱۹۸٥

۸ـ ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناخ لەبەر رۆشنایی تاقیکردنەوەکانی ئەوروپای رۆژگاری (رێنیسانس) دا د. کەمال مەزهەر سۆکسە ۱۹۸۳

۹ ـ بیری نەتەوەیی کوردی،جەمال نەبەز ۱۹۸٤

۱۰ـ هێندێک لەکێشە بنەڕەتیەکانی قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم،جەمال نەبەز ۱۹۸٤

۱۱ـ دۆزی ناسیونالی کورد،جەمال نەبەز ۱۹۸٥

۱۲ ـ پێوەندارێتی کوردی ،جەمال نەبەز ۱۹۸٦

١٣ ـ سەدان ساڵە، عەبدوڵا پەشێو ١٩٩٠

١٤ ـ کورد لە کاریکاتێری جیهانی دا ، هەڵۆ بەرزنجەیی و فەرەیدون قازی ١٩٩٥

١٥ ـ پرۆژەی گاپ،ئەڵقەیەکی تری کۆلۆنیالیزمەکردنی کوردستان ،هەڵۆ بەرزنجەیی ١٩٩٢ ،٢٠٠٤، چاپی دووەمی بۆی زیادکراوە.

١٦ ـ کورد و مەسەلەی کەورد ، ئیسمایل بێشکچی وەرگێران و ئامادەکردنی لاس ١٩٩٢

Stoppt den Völkermord in Kurdistan,,, SOKSE ,1993-١٧

١٨ ـ هەڵوێستمان لەمەڕ یەکخستنی رێکخراو و کۆمەڵە خوێندکاریە کوری و کوردستانییەکانی دەرێی وولات ،سۆکسە ١٩٨٨

١٩ ـ شانۆ هەڵوێست و باوەڕ و ڕەسەنایەتی، هەڤپەیڤین لەگەڵ هونەرمەندی کورد حەمەرەشید هەرەس ٢٠٠٢. ئامادەکردنی هەڵۆ بەرزنجەیی

کۆمیتەی بەڕیوەبەرایەتی سۆکسە، سەرەتا،لە ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٨٥ لە وڵاتی ئۆتریش/ نەمسا بوو، چونکە هاوبیر کاک کوردۆ عەلی، بەرپرسی یەکەم بوو، لەوێ نیشتەجێ بوو. دوای ئەوە ١٩٨٥-١٩٨٨، لە وڵاتی سوید بوو ،هاوبیر کاک ئاراس وەلی،بەرپرسی یەکەمی سۆکسە بوو. پاشان دەستی لە کارکێشایەوە. لە ١٩٨٨ ـ٢٠٠٥ کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی سۆکسە لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا بوو. بەشێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی ڕووبەرووی بەندە بۆوە.

تا پێش لێک ترازانەکە، بەرهەم و گێرانی سەمینار و نووسینەکانی مامۆستا جەمال نەبەز، نوسین و وەرگێڕانەکانی کاک کوردۆ، چالاکی دەیان هاوبیری تری وەک هاوبیران بروسکە ئیبراهیم،بەختیار قازی، ئەحمەد نەقیب و سەلاح و عومەر و هەڵۆ و دەرسیم و کەریم و نیهاد و نەوزاد و گەلێ هاوبیری تر بەشێکی گرنگی مێژووی سۆکسەیان نەخشاند.

ئەو هاوبیرانەی لەم قۆناخەدا تەواو هاوکار بوون : فەرەیدون قازی تا ساڵی ١٩٩١، نەریمان گۆمی تا سەرەتای ٢٠٠٠، هاوبیر شەماڵ عەزیز تا کۆچی دوایی کرد، هاوبیران بەختیار شەمەیی و عوسمان تۆفیق و پشکۆ ئەمین،عومەر تۆفیق بەردەوام و زۆر دڵسۆزانە.. هاوبیر عوسمان سەرپەرشتی هەموو کاروباریی تەکنیکی رێکخراوی دەکرد. هاوبیران شوان خەفاف و ڕەوانشاد فازیل شەفیق و بەختیار شەمەیی لە هۆڵەندە. بەختیار شەمەیی،سەردەمانێکی زۆر ماڵپەڕی پاسۆکیشی بەڕێوە دەبرد. لە سوید بورهانی مام تۆفیق و شیرکۆ و حەکیم کاکەوەیس و شەماڵی حاجی مەجید و رزگار شەمەیی تا ١٩٩٢و فەرەیدون سدیق و جوانەمەرگی ڕەوانشاد کاردۆ و ئاراس وەلی تا١٩٨٨و جەمال نیزامەدین و نیاز عەلی و د. کەمال عەلی و ئازادی حاجی سابیر و بەهزاد چاومار و نەسرەدین و رەوانشاد حەمەچاوشین و د. عەلی خانەقینی و ماهیر عەلی خوشکە یادگار مەحمود و زۆری دیکەش رۆڵی بەرچاویان لە خزمەتکردندا گێراوە. ساڵانێکی زۆریش هاوبیر حەمەکەریم لە ئۆپسالا/ سوید ئەرکی چاپکردنی بڵاوکراوەکانی سۆکسەی لەسەر بوو.هاوبیر شەماڵی حاجی مەجیدیش بە چاپەمەنییەکانی سۆکسەوە ماندووبوونێکی زۆری کێشا. لە بەریتانیا نەبەز و بەرزان عەزیز و فەرەیدون سدیق. فەرەنسا رزگار و کەریم. هەنگاریا د. کەریم. دانیمارک نەریمان و ئاراس و سیروان و نەهرۆ. خەباتی بێوچانیان ڕادەپەڕاند. ئیتالیا شەماڵ و لە رۆژاوای ئەلمانیاش عەبدوڵا چوارتایی و سەلام قادر و لە بەرلین ئاوات

سیتەکی و فەلاح و ڕێبوار و بەختیار شابان و ئارام عومەر و عومەر تۆفیق و پشکۆ ئەمین و هەڵۆ بەرزنجەیی و دواتریش کامەران ئەحمەد. سویسرا، گیانبەختکردوو خالید شێخ عارف،ئیسماعیل و نەرویج، فریاد حەسەن و کەنەدا حەمەڕەشید هەرەس و گەلێ هاوبیر و لایەنگر و دۆستی تر،کە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە.

هاوبیرانی سویدیش، بێستون ئازاد و نەریمان ئەحمەد، ماوەیەکی زۆر (رادیۆی هاوبیران)یان بەڕێوە دەبرد و خزمەتێکی بەرچاویان کرد.

هاوبیرانی بواری راگەیاندنیش: مامۆستا جەمال نەبەز، ڕەوانشاد کوردۆ عەلی،ڕەوانشاد شەماڵ عەزیز، پشکۆ ئەمین،بەختیار شەمەیی،عوسمان تۆفیق، فەرەیدون قازی، عومەر تۆفیق، حەکیم کاکەوەیس،ئاراس وەلی، هەڵۆ بەرزنجەیی .

***لقەکانی سۆکسە لە وڵاتانی هەندەران:***

سەرتاسەری وڵاتی سوید،یەک لق بوو. بەرلینی رۆژاوا، بە تەنیا لقێک بوو. ئەڵمانیای رۆژاوا، لقێک بوو. وڵاتی دانیمارک، وڵاتی هۆڵەندە، وڵاتی سویسرا، وڵاتی ئینگلستان، وڵاتی ئیتالیا، وڵاتی فەرەنسا، وڵاتەکانی شورەوی، وڵاتی هەنگاریا، وڵاتی کەنەدا و تاک و تەراش لە وڵاتانی دیکە هاوبیرانمان بە ناوی سۆکسەوە چالاکییان دەکرد.

***جۆری چالاکییەکان:***

یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.ئاهەنگێران لە جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز، شۆڕشەکانی کورد، یادی هەڵەبجە و ئەنفال و ڕاپەڕین، یادی دامەزراندنی حیزبەکان،سازدانی شەوی کوردی و بەشداری لە بۆنەکانی ١ ئایار، جەژنی کرێکاران و بۆنەکانی وڵاتانی خانەخوێ. سازدانی کۆڕ و سەمینار و کردنەوەی پێشانگای شێوەکاریی و هەوڵی ناساندنی کورد و رەهەندی جۆرەوجۆرەکانی فەرهەنگەکەی بە بێگانە.

ڕێکخستنی خۆپیشاندان و گردبوونەوە و ڕێپێوان، بە بۆنەی ڕووداو و پێشهاتە، جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری کوردستانەوە. وەک هێرش و پەلامارەکانی داگیرکەران و هەڵوێستە دوژمنکارەکانیان.. گردبوونەوە لەبەردەم باڵیۆزخانەکانی داگیرکەرانی کوردستان و دەربڕینی ناڕەزایی و پێشکەشکردنی بیرخەرەوە و نامە بە باڵیۆزخانەی وڵاتە زلهێزەکانی تری دنیا.

پێوەندیکردن لەگەڵ بێگانەدا و هەوڵی پەیداکردنی دۆست و کۆکردنەوەی هاوکاریی بۆ کوردستان و ئاوارەکان.

دەرکردنی بەیاننامە، بەرامبەر بە هەر ڕووداو و پێشهاتێک کە لە کوردستان ڕوویان دەدا. هاوکات بەرامبەر بە ڕووداوە جیهانییەکانیش.

نووسینی یاداشت و بیرخەرەوە بۆ وڵاتانی خانەخوێ و زلهێزەکانی دنیا،لەمەڕ پرسی کوردەوە. بە تایبەت بە زمانانی بێگانە... چەند نموونەیەک:

دەرکردنی بەیان بە زمانە ئەوروپاییەکان ،بۆ نموونە بە ئەڵمانی لەمەڕ زیندانیکردنی ژنە ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی دۆستی کورد،(هێلا شلومبێرگەر)کە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە لەسەر کورد خرابووە زیندانەوە. ناردنی نامەی ئاوالا بۆ ڕاوێژکاری ئەڵمانی شرۆیدەر،لەمەڕ هەڵوێستی نەرێنی و ناڕۆشنی بەرامبەر بە پرسی کورد. ناردنی نامە بۆ گۆرباشۆف،دەربارەی دۆزی کورد.ناردنی سوپاسنامە بۆ نووسەری گەورەی خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەڵمانی گیونتەر گراس،لەسەر هەڵوێستی ئەرێنی لەهەمبەر دۆزی کورد. دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ نوێنەری گەلانی جیهان دا و هاوهەڵوێست بوون بەرامبەر بە کێشەکانی گەلان و مرۆڤایەتی لە جیهاندا. وە نواندنی زۆر جۆری تری چالاکی.

دەرکردنی بەیاننامە، بە بۆنەی تێکڕای پرسەکانی پەیوەست بە کوردەوە، بۆ نموونە: شەهیدکردنی د.قاسملۆ، شەهیدکردنی شەرەفکەندی، هێرشی تورکیا بۆسەر باشووری کوردستان، گرتنی ع. ئۆجەلان، شەهیدکردنی .م.ج. ڕۆژبەیانی، کۆچی دوایی مامۆستا عەبدوڵا جەوهەر ومامۆستا مەسعود محەمەد و مامۆستا هەژار و مامۆستا شوکور مستەفاوە و تادوایی.

چاپکردنی پۆستەر و پۆستکارت لەمەڕ بارودۆخی کوردستان و ژیانی پڕ لە کولەمەرگی و هەڵمانی روخساری دزێوی داگیرکەران...دروستکردنی مەدالیای بەریەخەی کوردستان لە میتالێکی تۆکمە و بەنرخ. سۆکسە و پاسۆک یەکەم ڕێکخراو بوون بەم کارە هەڵسان و لە بۆنە و چالاکییەکاندا پێشکەش دەکران و ژمارەیەکی زۆریشی نێردرایەوە بۆ کوردستان.

نامە پاڵپشتی / تەزکیە، دان بە کوردە پەنابەرەکان، لە وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی کاروباری پەنابەرییان بەڕێوە بچێت. ڕەنگە بە سەدان و هەزاران کوردی پەراگەندەی ئەوروپا،هاوبیر بوو بێت،یاخود کوردێکی دڵسۆز و بە ئابڕوو،ئێمە بە نامەی سۆکسە پاڵپشتیمان لە کەیسەکەی دەکرد، وەک هەڵاتوویەکی سیاسی ددانی پێدا دەنرا، لەلایەن دادگاوە و مافی نیشتەجێبوونیان بەدەست دەهێنا. بەشانازییەوە،نامەی پشتگیریی سۆکسە،بە یەکێ لە متمانەترین نامەی ڕێکخراوە کوردییە باوەڕپێکراوەکانی دەرەوەی کوردستان دادەنرا. هەرکەسێ نامەی پاڵپشتی سۆکسەی هەبایە، زۆر کەم وادەبوو، کەیسەکەی ڕەت بکرایەتەوە. ئەرشیڤی سۆکسە بە سەدان نامەی لەو جۆرەی تێدا پارێزراوە.

وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی خوێنەرانی خوێندکاری کورد. کۆکردنەوەی کۆمەکی ماڵی بۆ ئەو هاوبیر و هاونەتەوەکانمان، کە لە کەمپەکانی وڵاتانی ئێران و پاکستان و وڵاتانی دیکە لێیان قەومابوو. هەر بۆنە و چالاکییەک بووبێت،کوردستانی یان نێونەتەوەیی، سۆکسە ئاڵای کوردستانی تێدا دەشەکاندەوە.

سۆکسە،تا دەهات پەلوپۆی دەهاویشت و بڵاوکراوەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاو دەکراوە و پەیتا پەیتا نامەی داواکاری هاتنە ریزەکانی سۆکسەمان بۆ دەهات.

جێی ئاماژە پێدانە،سەرجەم ئەم چالاکییانە،گەشت و هاتووچۆ بۆ کۆبوونەوە کۆنفراس و پلینۆمەکانی سۆکسە،دەرکردنی بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی سۆکسە و پاسۆک، بڵاوکردنەوەی پۆستەر و پۆستکارت و ئامادەکردنی دروشم و سلۆگان و گێڕانی ئاهەنگ و بە کرێ گرتنی شوێن و دەیان جۆری تری ئەرک و خەرجی، هەر هەمووی لە ئابوونەوەی مانگانەوە لەسەر ئەرکی گیرفانی هەژارانەی هاوبیران بووە. یەک تاکە پوول، یارمەتیمان لەکەس و لایەک وەرنەگرتووە. جگە لەو باربووانەی،لە چەند دۆست و کوردێکی دڵسۆزەوە جارەوجار پێمان دەدرا.

خۆپیشاندان لەبەردەم سەفارەتەکاندا و پرۆتێسکردنی سیاسەتی هەندێ لە وڵاتان و ڕاکێشانی باری سەرنجی هەندێکی دیکە و پێشکەشکردنی یاداشت پێیان.

ناردنی بڵاوکراوەکانی سۆکسە،بۆ مەڵبەند و ئینستیتووت و نێوەندەکانی کوردی لە جیهان دا.

***سۆکسە و ڕۆڵی لە یەکگرتنەوەی خوێندکارانی ساڵی ١٩٨٨دا.***

***<u>پوختەی کۆبوونەوەکانی یەکگرتنەوەی ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردی و کوردستانیەکانی دەرەوەی وڵات لە ساڵی ١٩٨٨ دا:</u>***

دەقی هەموو کۆبوونەوەکانی ئامادەکاری تا گرتنی کۆنگرە و پاشتریش وەک خۆی بڵاودەکەمەوە. ئەویش لەبەر گرنگی پرۆسەکە و بۆ ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە بزانرێ چ کارێ بۆ یەکگرتنەوە کراوە و کێ چی کردووە و خەباتی خۆنەویستانەی سۆکسە بۆ چی بووە و چی بەرهەم هێناوە؟!. پێویستە نرخاندنی وورد و بابەتی بۆ ئەم ڕووداوە، لە مێژووی بزوتنەوەی خوێندکاراندا بکرێ و گەرمکە مێژوووش ئاگاداری ئەم چمکەی خەباتی خوێندکاران بێت، و ڕۆڵی سۆکسە لەم میانەدا، چونکە بایەخی مێژوویی خۆی هەیە.

بەداخەوە تا ئێستا،وەک پێویست ئاوڕ لەم پرسە گرنگە مێژووییەی یەکگرتنەوەی خوێندکاران نەدراوەتەوە. جگە لەوەی بە کرچوکاڵی و وەک بابەتی سەرقەڵەم نەبێ باسی نەکراوە. بەڵێ جارجار ئەم مەسەلە گرنگ و هەستیارە لە لایەن چەند کەسێکەوە ئاماژەی سەرپێی پێدراوە. تا ئێستا نە ڕەوانشاد کاک د. کەمال فوئاد، لە وتارەکەیدا "چەند زانیارییەک لەبارەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران" رابوون ژمارە١٨/١٩ ـ١٩٩٦ دا و نە کاک نەوزاد ئەحمەد لە کتێبەکەیدا"ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا،١٩٤٩ـ١٩٩١" دا و نە مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبەکەیدا،کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، باسی کۆمەڵە خوێندکارییەکان دەکەن، باسیان لێوە نەکردووە. کە بەداخەوە پرسێکی وا هەستیار و خەباتێکی وا تژی لە شانازی خوێندکارانی نەتەوەیی/ سۆکسە،هەرگیز نابێت، فەرامۆش بکرێ و بە هەند وەرنەگیرێت.

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم زۆر جار، باس لە یەکگرتن و یەکخستنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە خوێندکاریی و پیشەییەکان کراوە، بەس دەنگی پەرۆش و جددی کەم بوون، چونکە هەر لایەک بە مەرج و گەز و پێوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەو پرسەی دەڕوانی و هەنگاوی بۆ دەنا.

سۆکسە، تاکە ڕێکخراوێک بوو بە شانازییەوە و لەو پەڕی پەرۆشییەوە، وەک پرنسیپ و ئامانج باوەڕی بەم پرسە هەبوو، بۆی تێدەکۆشا و خۆیی و بەرژەوەندییەکانی لەبیر چووبووەوە، لە پێناوی هاتنە دی و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزە. لە لاپەڕەکانی دواتردا، ئەم ڕاستییەتان بەرچاو دەکەوێ و بە باوەڕ و هەڵوێستە کردەییەکانمان ئاشنا دەبن و دانپێدانان و گەواهی لایەنەکانی تر دەخوێننەوە، کە چۆن قسە لەسەر هەڵوێستی سۆکسە دەکەن، بەڵێ ئەوە ڕۆحی کوردانە و باوەڕی بەرز و گەشی نەتەوەییانەی نەگۆڕ و چەسپاوی ئێمە بووە بۆ یەکگرتن.

لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی باڵای بەرەی کوردستانی لە ناوەوەی وڵاتدا، بڕیاری یەککرتنەوەی هەموو ڕێکخراوە پیشەییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات درا. دوا بەدوای ئەم بڕیارە، داخوازی یەکگرتنەوە، ڕەهەندێکی تری وەرگرت و هەنگاوەکان بەو ئاڕاستەیەدا هەڵدەنران.

ڕاستییەکی تاڵ و تفت ئەوە بوو، بزوتنەوەی خوێندکاران لەدەرەوەی وڵات، لەمێژ بوو،١٩٧٥ ـ ١٩٨٨،واتە ١٢ ساڵ بوو، دووچاریی کەرتکەرتبوون و لێکترازان ببوو. هاوزەمان کۆمەڵێ رێکخراو و کۆمەڵەی نوێش هاتبوونە مەیدانەوە.

سۆکسەش، لە گشت بۆنە و یاد و کۆنگرە و بڵاوکراوەکانیدا، بە جددی جەختی لەسەر یەکگرتن و تەبایی بزوتنەوەی خوێندکاران دەکردەوە و ووزە و توانایەکی زۆری خۆی لە پێناوی ئەم ئامانجەدا بە خەرج دا. دروشم و بانگەواز و سەروتاری بڵاوکراوەکانی هەمیشە داوای یەکگرتن بووە، واتە ڕۆحێکی بەرزی بەرپرسیارێتی هەبوو بۆ ئەم پرسە و ئامادەبوو، هەموو پلە و پایەکان ببەخشێتە هەر لا و کەسێ، بە مەرجێ لەسەر زەمینەی کوردایەتی ئامادەی یەکگرتن و کارکردن بێت. لە مانگی ١٩٨٨/١ دا، واتە پێش کۆنگرەی یەکگرتن، بە نامیلکەیەک: (هەڵوێستمان لەمەڕ یەکخستنی ڕێکخراو و کۆمەڵە خوێندکارییە کوردی و کوردستانییەکانی دەرێی وڵات)سیاسەت و ئامانجی خۆمان بە ڕوون و ئاشکرا خستۆتە بەردەستی هەموو لایەنەکان .

لەم نامیکەدا،جەختمان لەسەر (یەکێتی و یەکخستنی) کۆمەڵە خوێندکارییەکان کردووە. لە ئەگەرێکدا گەر ئەمەش پێکنەهات، وەک ئەلتەرناتیڤێ داوامان کردووە(بەرەیەکی خوێندکاریی) یاخود (کۆمیتەی هاوبەش) پێک بهێنرێ. لەم ڕووەوە وەک سۆکسە، ئامادەکی خۆمان لە پێناوی یەکریزیی خوێندکارانی کورد دا، لەسەر زەمینەیەکی کوردانەی تەندروست و مەحکەم، بۆ تێکەڵبوون و خۆ تواندنەوە،بە سوودی کوردایەتی ڕاگەیاندووە.

ئەوە بوو سەروەختێ پەرۆشی جددی یەکگرتنەوەی خوێندکاران هاتەپێشەوە، دەست کرا بە کۆبوونەوە و ئامادەکاریی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. سۆکسە بەبێ هیچ دوو دڵییەک بەگەرمی پێشوازی لە بڕیارەکە کرد و کاری گەورەی بۆ هێنانەدی و گەیشتن بە وێستگەی یەکگرتن ئەنجام دا.

پێش ئەم هەوڵەش، لە سەرەتای هەشتاکاندا، لەگەڵ برایانی یۆکسی دا، هەوڵەکانی یەکگرتنمان زۆری لێک نزیک کردینەوە و گەشتینە دوا قۆناخەکانی یەکگرتن، ئیدی لەبەر هەندێ بۆچوون و باوەڕ، کارەکە بە ئەنجام نەگەشت. ئەوان باوەڕیان بەو بەشەی کورد و کوردستان لە شوورەوی نەبوو، سۆکسەش لە ڕووی مێژوویی و نەتەوەیی نەیدەتوانی ئەم بۆچوونە ناڕاستە بسەلمێنێ.

هاوکات،گەرەکە ئاماژە بەوەش بدەم، وەک سۆکسە، چ جارێک ئامادە نەبووین بە تەنیا لەگەڵ KSSE مەڵبەندی بەرلین،یاخود AKSA یەکبگرین، چونکە یەکگرتن لەگەڵ ئەم دوو لایەنەدا بە تەنیا، مانا و هێمای بلۆکبەندی دەگەیاند، بەرامبەر بە لایەنەکەی دیکە و بە مانایەکی دیکە، دەکەوتینە نێو ئەو ململانێ ناپیرۆزەی لە نێوان ئەواندا بەرقەرار بوو وە ڕەوتی گرتبوو.کە پێمان وا بوو، لەئاکامدا خزمەتی بە بزوتنەوەی خوێندکاران و ئامانجی یەکگرتنەوە ناکات. بەڵام لە تەکیاندا ئامادەی هەر هاوکاری وئەنجامدانی کارێکی هاوبەش بووین .

وەک لە یادم بێ، پاش چەندین کۆبوونەوە و قسە لەسەرکردن لەسەر یەکگرتنەوە، سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢٥ دەستنیشان کرا بە یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوە بۆ یەکگرتن.

ئامادەبووان{ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردلە ئەوروپا ـ مەڵبەندی بەرلین. لەسەر هێڵی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەچوون بەڕێوە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ـ مەڵبەندی پراگ. هاوڕێی پارتی کۆمەنیستی عێراق بوون، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ئەکسا. سەر بە برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون، ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد،لە ئەوروپا. هاوبیرانی پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک بوون، کۆمەڵەی لاوان و خوێندکارانی کوردستان، یۆکسی سەر بەپارتی گەل بوون،کۆما کورد، نیزیکی کۆمکار بوون}... برادەرانی سۆسیالیستیش ڕێکخراوێکی لاوانی خۆیان هەبوو، ئامادە نەبوون. وە هەروەها پارتی کرێکارانی کوردستانیش ڕێکخراوی خوێندکارانیان ئامادە نەبوو. کۆبوونەوەکان زۆرینەی لە بارەگای کۆمکار بوو لە بەرلین.

١٩٨٨/٦/٢٥،ڕۆژی یەکەمی دانیشتنەکان و لەبەر ئەوەی بەشێک لە برادەران لە وڵاتانی دوورەوە هاتبوون، دوو ڕۆژ و شەوێک بەسەر یەکەوە کۆبوونەوەمان کرد.

کۆبوونەوە بە وەستانی خولەکێک بۆ گیانی گشت گیانبەختکردووانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان هەر ڕێکخراوە خۆی ناساند .

- کاک شێخ عەلی(د. خلیل جندی) و کاک کاوە بێسارانی نوێنەری مەڵبەندی پراگ.

- کاک پیرۆت ئەحمەد ، کاک حەمەدەمین دەلۆیی و کاک فەوزی ئەسعەد، نوێنەری

مەڵبەندی بەرلین.

- کاک عەبدولموئمن دەشتی و کاک فەلاح حەسەن، نوێنەری ئەکسا.

- هاوبیر عوسمان و بەندە(هەڵۆ بەرزنجەیی) نوێنەری سۆکسە.

- کاک ئەبو زەر،نوێنەری کۆماکورد.

سەرەتا گلەیی و ڕەخنەیەکی توند لە هەردوو کۆمەڵەی پراگ و بەرلین و ئەکسا گیرا. سەبارەت بەو کۆبوونەوە نهێنیی و سێقۆڵییەی لە نێوان خۆیاندا لە ڕۆژانی ١١ـ١٢/٦/١٩٨٨،لە شاری پراگی چیکۆسلۆڤاکیا بەستبوویان. لە کۆبوونەوەیەیاندا،کەموزۆر لەسەر هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵەی ئایندە ڕێک کەوتبوون. لە هەقیقەتیشدا،ئەم کۆبوونەوەیان لەسەر بنچینەی کۆبوونەوە ناوزڕاوەکەی ناسراو بە "لقاء الرفاق"ی نێوان جەلال تاڵەبانی،هوشیار زێباری و عبدلرزاق الصافی ،یەکێتی و پارتی و حشع،کە لەسوریا لە ١٩٨٨/٥/١٢،لەسەری ڕێک کەوتبون گیرابوو.

هەر سێ لایەن لەسەر هەموو خەتوخاڵی کۆنگرەکە ڕێک کەوتبوون و ئەوەی دواتر لە بەرلین نمایشتیان کرد، جگە لە شانۆگەرییەکی نەزۆک بەولاوە، هیچی دیکە نەبوو. چونکە بیروڕا و سەربەخۆیی خوێندکارانیان بە هەند وەرنەگرتبوو،هیچ بایەخێکیشیان بە پرنسیپە دیموکراسییەکان نەدا و لە ڕاستیشدا، هێشتا زەمینەی دروست و مەحکەم لە نێوان ئەو سێ لایەنەدا، بە تەواوی دروست نەبوو بوو بۆ یەکگرتنەوە. بۆیە چاوەڕوانی ئاکامێکی بەفەر و ئەرێنی،لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان نەدەکرا.

دواتر ئێمە وەک سۆکسە، پێشنیازمان کرد، بۆ ئەوەی هیچ لایەک فەرامۆش نەکرێ،ڕێکخراو یان کۆمەڵەی داهاتوومان، چوارچێوەیەک بێت بۆ هەر هەموومان، با داوەتنامەیەک بۆ ڕێکخراوی فەیەکای پ ک ک بنێرین، تا ئەوانیش دەرفەتی بەشداریکردنیان هەبێت. لێ داواکەمان بە پەرۆشەوە وەرنەگیرا.

ئەوانیش مخابن ئامادەی بەشداریکردن نەدەبوون. پاشان داواکرا دەست بکرێ بە پێشنیازەکان و قسەکردن لەسەر کۆمیتەکان، "کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە، کۆمیتەی کات و شوێنی کۆنگرە، کۆمیتەی چۆنێتی گرتنی کۆنگرە،کۆمیتەی ناوی کۆمەڵە و بارەگاکەی، کۆمیتەی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە".

هەر لایەک لەسەر چۆنێتی گرتنی کۆنگرە، سیاسەتی کۆنگرە،دروستکردنی کۆمیتەکان،هێڵی گشتی قسەیان کرد. ئایا کۆنگرە کراوە بێت یاخود بە نوێنەرایەتی بێ؟ بیروڕاکان جیاوازبوون. سەرئەنجام :

هەر ڕێکخراوێک ئازادە، چەند ئەندام دێنێت بۆ کۆنگرە، بەڵام دەبێ هەمان کات ژمارەیەک بە نێزیکەیی دیاریی بکرێ، بۆ ئامادەکاری لەسەر کاروباری شوێن و لایەنی تەکنیکی کۆبوونەکە.

ناوی ڕێکخراو:

ـ مەڵبەندی بەرلین، ئێمە پێمان باشە ناوەکە وەک خۆی بمێنێتەوە.

ـ سۆکسە، ئێمە درێژکراوە و دابڕاوی هیچ لایەنێک نین. خۆ گەر لەسەر ناوێکی نوێ ڕێکبکەوین باشترە و،گەر زۆرینەشتان مانەوەی ناوەکەتان وەک خۆی پێ باشە، ئێمە دژ نین، چونکە ئامانج یەکبوون و کارکردن و خزمەتە. بەڵام لەم ڕووەوە پێمان باشە، دوا بڕیار کۆنگرە بیدات.

سەرئەنجام هەندێ گفتوگۆ وکرا و بیروڕا ئاڵوگۆڕ کرا،بەتایبەت ئەکساش داوای گۆڕینی ناوەکەی دەکرد.

<u>سەرئەنجام</u> : هەتا کۆنگرە، گەر لەسەر هەر ناوێک ڕێکەوتین ئەوا کارێکی چاکە،لێ گەر نەکرا، وا بە بڕیاری کۆنگرە ڕازی دەبین.

جێگای کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی

ـ مەڵبەندی پراگ، دەمانەوێ لە پراگ بێت.

ـ سۆکسە، ئێمە دژ نین، وەلێ لامان وایە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتە لە کوێ بێت، ئەوێ باشترە. وەک دەزانن هاتووچۆ بۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەندێ سەختە. هەموو لایەنەکانی دیکەش لە ڕووی پراکتیکییەوە پراگیان بە زەحمەت ناوزەد کرد.

<u>سەرئەنجام:</u> کۆمیتەی ئامادەکاریی،تا کۆنگرە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم خاڵە دەدات. گەر بە ڕێکەوتن نەگەشتین، با باسەکە بچێتە کۆنگرەوە.

١٩٨٨/٦/٢٦

کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە

لە کۆبوونەوەی ئیمڕۆدا نوێنەری یۆکسی کاک سەربەست و کاک موسڵح ئامادە بوون.

دەستەیەکیش بە تایبەت لە بەرلینی ڕۆژئاوا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوە لە ئەکسا جودابووبوونەوە و بە ناوی ئەکسای جیاوەبووەوە مەڵبەندی بەرلین، کاک کاکی خۆم و جەنگیزخان، ئامادە بوون.

ـ ئەکسا،پێشنیازی کرد، کۆمیتەی ئامادەکاریی، ژمارەییان ٧ ـ ٩ کەس بێت باشە.

ـ سۆکسە، هەر لایەک دووکەس و بۆ کۆبوونەوەکان، یەک کەسیش ئامادە بێت بەسە.

ـ یۆکسی، هەمان بیروڕای سۆکسەمان هەیە.

ـ ناوەندی پراگ، هەر سێ ڕێکخراوەکە، بەرلین و پراگ و ئەکسا،سەروو دوو ئەندام و ئەوانی دیکەش یەک ئەندام.

ـ ناوەندی بەرلین، پێشنیازەکەی پراگمان پەسەندە.

ـ یوکسی... سوور بوون لەسەر ئەوەی دەبێ ئەوانیش دوو ئەندامیان هەبێت. لەم خاڵەدا کە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا..ئێمە ئامادەیی خۆمان دەبڕی تەنیا و تەنیا لە بەرخاتری پرسی یەکخستن و یەکگرتنەوە، واز لە ژمارەی ئەندامی خۆمان لە کۆمیتەدا بهێنین، بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتن. ئەمەش ئەوپەڕی نیازپاکی ئێمەی بەرامبەر بەوان دەردەخست. یۆکسی ،لە بەیاننامەیەکیاندا"چ یەکگرتنێکمان دەوێ ،لە ١٩٨٨/٩/١٢ دا دەنووسێ:

"ڕاستییەکەی نوێنەری سۆکسەش ڕایگەیاند کە ئەوانیش زۆر لەگەڵ ئەو ژمارە(١١)؟!! یەدا نین،بەڵام ئەگەر ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەکە ببێتە(١٢)ئەوا ئەوانیش دوو نوێنەریان دەوێت. سێ ڕێکخراوی ناوبراو وایان پیشان دا کە ئەگەر سۆکسە رازی بێت کۆمیتەکە ببێتە (١٢)ئەندام و ئەوانیش داوای دوو ئەندام نەکەن،ئەوا ئەوانیش(واتە سێ لایەنەکە)قایل دەبن بەوەی کۆمیتەکە ببێتە (١٢)ئەندام.سەیر ئەوە بوو دوایی سۆکسە بەوە قایل بوو،کەچی ئەوان لەوەش پەشێمان بوونەوە.."

دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لە نێوان ئامادەبوواندا،بە باش زانرا هەر لایەک یەک کەس و سووربوونی KSSE لەسەر دوو کەس، بۆ هەرسێ لایەنەکە, کۆبوونەوەکانی بەرەو ئاڵۆزی برد. هەرچەند دواتر، برایانی ئەکسا نەرمییان نواند، بە یەک ئەندامیش رازی بوون.

<u>سەرئەنجام</u>: بڕیاردرا لەبەرخاتری یۆکسی کۆمیتەکە لە ١٠ کەس پێک بێت.

کاری کۆمیتەکان

ڕاپۆرتی سیاسی، دەستووری ناوخۆ، بڕیار و ڕاسپاردە، بەرنامەی کار، دروشمی کۆنگرە و ناوهۆڵی کۆنگرە، ئامادەکردنی بانگهێشتن بۆ پارت و ڕێکخراوکان، دامەزراندنی کۆمیتەی کۆنگرە، پێڕەوی ناوخۆ و دانیشتنەکان بنووسرێتەوە، دەرکردنی بڵاوکراوەیەک تا کۆنگرە، کۆکردنەوەی پیتاک، پاراستنی نهێنی کار و ناو و شوێنی کۆنگرە،وتار بە چ شێوەیەک بخوێندرێتەوە و دەستنیشانکردنی ناونیشانی کۆمیتەی ئامادەکاریی تا کۆنگرە..

ناوەکانی کۆمیتەی ئامادەکاریی

بەرلین، کاک فەوزی و کاک حەمەدەمین. سۆکسە، هەڵۆ بەرزنجەیی. ئەکسا کاک دەشتی و کاک نەریمان. کۆماکورد،کاک ئەبوزەر. لاوان کاک بەهرۆز. پراگ کاک شێخ عەلی و کاک جەوهەر شاوەیس و کاک ئەسکەندر.

ناوی کۆمیتە

ـ بەرلین: کۆمیتەی ئامادەیی کۆنگرەی یەکگرتووی کۆمەڵە خوێندکارە کوردی و کوردستانییەکان لە ئەوروپا

ـ یۆکسی: وشەی لاوانی بۆ زیاد بکرێ .

ـ سۆکسە: وشەی ڕێکخراوی بۆ زیاد بکرێ.

ـ پراگ: کۆمیتەی ئامادەیی کۆنگرەی یەکگرتووی، مەڵبەندە خوێندکاری و لاوانی کوردی و کوردستانی لە ئەوروپا.

سەرئەنجام: کۆمیتەی ئامادەیی کۆنگرەی یەکگرتووی مەڵبەندە خوێندکاری و لاوانییە کوردی و کوردستانیەکان لە ئەوروپا.

دروشم

ـ ئەکسا: دروشمی خوێندکاران وەک خۆی بمێنێتەوە.

ـ سۆکسە: ئێمە پێشنیاز دەکەین کەوا ئەو دروشمە بگۆڕدرێ،چونکە بەڕاستی گوزارشتی تەواو لە مەسەلەی خوێندکاران ناکات و ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەم قۆناخەمان نابێت، لە سەر خوێندکاران و پرسی یەکگرتنەوە.

١٩٨٨/٦/٢٩

سەرەتا یۆکسی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، گەردوو ئەندامیان لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیدا نەبێ، بەشداریی کۆنگرە ناکەن. هاوکات هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەخوازن.

ـ سۆکسە: ئێمە بەداخەوەین بۆ لایەنێکی وەک یۆکسی، کە دەیانەوێ لەسەر شتێکی وا ساکار و تەکنیکی دەست بکێشنەوە. چونکە ئامانجی یەکگرتنەوە لەوە مەزنتر و پیرۆزترە کەوا بەشداری نەکەن.

ـ بەرلین و ئەکساش بە هەمان شێوە بە داخەوەبوون بۆ هەڵوێستە توندەکەی یۆکسی.

ـ ئەکسا: دوای سووربوونی یۆکسی لەسەر هەڵوێستەکەی، بە توندی کەوتە سەرزەنشتیان، بەوەی هەمیشە دژی هەوڵی یەکگرتن بوون.وتی: ئێمە دەتوانین بڵێین تەنیا سۆکسە، بە کردەوە کاری بۆ پرسی یەکگرتن کردووە،ئێمەش وەک ئەکسا بایی پێویست کارمان بۆی کردووە. ئەمەی سەرێ گەواهی و ئارگومەندێکی ترە لەسەر هەڵوێست و فیکری سۆکسە و دروشمەکانی.

ـ سۆکسە: ئێمە لە لەخۆبووردوویی و دڵسۆزیی و پەرۆشمانەوە بۆ یەکگرتنەوە، ڕازین کەوا هەر چوار لایەنەکە، بەرلین و پراگ و ئەکساو یۆکسی سەرو دوو ئەندام و ئەوانی دیش یەک ئەندام... سەبارەت بە خۆمان گەر یەکگرتنەوە پێک بێت تەنانەت ئامادەین، کەسیشمان نەبێت لە کۆمیتەدا.بەلای ئێمە یەکگرتن وکارەکانی ئایندە و بەجێگەیاندنی خزمەتەکانی سەرشانمان بەرامبەر بە کورد گرنگترە.

ـ کۆماکورد: ئەوانیش بە توندی ڕەخنەیان لە هەڵوێستەکەی یۆکسی گرت و وتییان ئێمەش هەمان ڕای سۆکسەمان هەیە، بە یەک ئەندام ڕازین.

ـ سۆکسە: پێویستە ئەوە بڵێین ئێمە بە گشتی گومانمان هەیە و زۆر شت بە دڵی ئێمەش نییە،بەڵام چونکە خاڵەکان تەکنیکین،هەق نییە ببنە گرفت، هەر نەبێ خاڵی گەوهەری تر هەیە، لەسەری ڕێک بکەوین. دەنا ئێمەش خۆمان دەکێشینەوە.

ـ یوکسی: ئێمە لەو هەڵوێستەی برایانی سۆکسە زۆر باش تێدەگەین و سوپاسیان دەکەین. دواتر پیرۆزباییان لە کاروبارەکانی ئێمە کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر کارێک بەوان ساز بێت بۆ هاوکارییکردن دەربڕی ،و داوای لێبووردنیان کرد و خۆیان کێشایەوەو چوونە دەرەوەی کۆبوونەوەکە.(تومەز یۆکسی زووتر لە لقاء الرفاق ئاگادار کرابوونەوە،لێ بۆ بەس شەڕیان لەسەر دوو ئەندام دەکرد، ئەمە ئەو پرسیارە نهێنییەی جێی سەرنجە؟!).

<u>سەرئەنجام</u>: هەموو لایەنەکان ڕەخنەیان لە یوکسی گرت و لەسەر ئەوەی پرسی یەکگرتنەوە پێشێل دەکەن. بە هەوڵێکی ئێمە،کارێکمان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا،یۆکسی کۆبوونەوەکانیان جیهێشت،بەڵام دەرگامان بە کراوەیی بۆیان بە هێشتەوە،هەر کاتێ ڕازیبوون، دەتوانن بیری لێ بکەنەوە و بێنەوە بەشدار بن.

ـ ئەکسای جیاوەبوو: ئەوانیش لەسەر ئەوە هەڵوێستیان وەرگرت و وەک یۆکسی چوونە دەرەوە. دواتر ڕەشنووسی بەیانی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی هاوبەش خوێندرایەوە و گفتوگۆی لەسەر کرا و هەندێ تێبینی و باری سەرنجی بۆ زیاد کرا.

دروشمەکانی کۆنگرە:

"با ١٦ی ئازار،ڕۆژی بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە بکەین بە ڕۆژی جیهانی بۆ قەدەخەکردنی چەکی کیمیاوی و گەشەدان بە هاوکاری لەگەڵ خەباتی گەلی کورد،لە پێناوی مافی چارەنووس و ئاشتی دیموکراتیدا". پێشنیازی هەموو لایەک جگە لە سۆکسە. سۆکسە پێشنیازی ئەمەی کرد:

" با ١٦ ئازار ڕۆژی بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە هیرۆشیمای کوردستان،بکەینە ڕۆژێکی جیهانی بۆ قەدەخەکردنی چەکی کیمیاویی و پشتیوانی تەواوی نەتەوە بندەستەکەمان و ناساندنی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بە جیهانی دەرەوە".

<u>سەرئەنجام</u> ، بڕیار لەسەر ئەوەی یەکەم درا.

شوێن و کاتی کۆنگرە:

KSSEبەرلین، پێشنیازی نیوەی دووەمی مانگی ٨ کرد. هاتن پێنجشەممە،گەڕانەوە دووشەممە. ٤ ڕۆژ بۆ کۆنگرە و دوا ڕۆژ بۆ ئاهەنگی کۆتایی. هەمووان لەسەری ڕازیبووین.

ـ سۆکسە: پێشنیاز دەکەین کۆنگرە لە وڵاتی ئەڵمانیا ڕۆژاوا بێت،چونکە زۆرینەی هاوبیرانمان لەوێن و کێشەی نەبوونی پەساپۆرتیان هەیە و ناتوانن بێن بۆ بەرلین،یان وڵاتانی دیکەی ئەوروپا.

KSSE بەرلین، ئێمە پێمان باشە لە بەرلین بێت،چونکە ناگونجێ کۆمیتەی ئامادەکاری لە بەرلین بێ و کۆنگرە لە شوێنێکی دیکە.

KSSE پراگ،پێمان باشە لە بەرلین بێت.

AKSA پێمان باشە لە بەرلین بێت،چونکە لەبارە و کۆمیتەش لێرەیە.

K.KURD بەرلین زۆر چاکە و کارەکان باش دەڕوات.

ژمارەی ئەندامانی بەشدار بوو:

ـ سۆکسە، ٤٠ ـ ٦٠

ـ ئەکسا، ٥٠ ـ٧٠

ـ کۆمەڵە بەرلین، ١٢٠ ـ ١٤٠

ـ کۆمەڵە پراگ، ١٣٠ ـ ١٥٠

ـ کۆماکورد، ١٥

بە تێکڕا نێزیکی ٣٠٠ کەس ئامادە دەبن.

لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە:

کۆنگرە هەڵیان دەبژێرێ: ـ دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە ٥ ـ ٧ کەس.

ـ دەستەی بڕوا پێکراو ٧ ـ ٩ کەس.

ـ ڕێکخەری هۆڵ لە هەموو بارەیەکەوە هەتا بۆ دەنگدانیش.

ـ کۆمیتەی ئاسایش و پاراستن، ٧ ـ ١٤ کەس.

ـ کۆمیتەی پێشوازی میوان،خواردنیش ٦ ـ ٨ کەس.

ـ کۆمیتەی بڕیار و راسپاردە،کۆمیتەی ئامادەکاریی دەستنیشانی دەکات.

ـ کۆمیتەی نووسینەوەی پوختەی دانیشتنەکان ٣ ـ ٥ کەس.

میوانەکان:

پاسۆک،پارتی،یەکێتی،سۆسیالیست، پارتی گەل،حیزبی دیموکرات،کۆمەڵە، تەڤگەر (٨) پارت بوون،پ ک ک ، رزگاری،کاوە، پارتی دیموکراتی کوردستانی ترکیا، یەکێتی گەلی کورد ـ پارتی، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز، پارتی کار.

مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد،لەندەن، ئەکادیمیای زانست و و هونەر،کۆمەڵەی پزیشکانی کورد.

کەسایەتییەکان:

بەشێك لەو ناوانەی ئێمە پێشنیازمان کرد: جەمال نەبەز،عەبدوڵڵا پەشێو، فەرهاد شاکەلی،شێرکۆ بێکەس،سەباحی غالب و ناسری رەزازی و فەرهاد بابان.

برادەرانی دیکەش ئەم ناوانەیان پێشنیاز کرد: مامۆستا هەژار،کەمال میراودەلی، جەلیلی جەلیلی،ئوردۆخانی جەلیلی، شاکر محوّی، کەریمی حسامی،غەنی بلووریان، سەعدی یوسف، مارف خەزنەدار، ووریا رەواندزی، بۆزئەرسەلان، قادر دیلان،خالقی، شڤان پەروەر، گوڵستان، بەناز، پەیمان، گارا. ڕەنگە چەندانێکی تریش باس کرابن.

ـ یەکێتی خوێندکارانی جیهان، یەکێتی لاوانی جیهان، کۆسمۆلی وڵاتانی سۆسیالیستی کۆریا، کۆمەڵەی خوێندکارانی ترکیا، نەوجەوانانی کۆمۆنیستی گریکی، پارت و رێکخراوە فەلەستینییەکان، رێکخراوی قوتابیانی ئەفریکا، یەکێتی دیموکراتی عێراقی، پارتە کۆمەنیستەکانی عێراق و سوریا و ئێران و ترکیا و ئەکسەرییەتی ئێرانی،غشت رێکخراوە خوێندکارییە پێشکەوتنخوازەکان. پارتەکانی ئەڵمانیا، ئەمنستی، خاچی نێودەوڵەتی، کۆمەڵەی داکۆکی لە گەلانی هەڕەشە لێکراو، لاوانی ئەڵمانی وهتد...

رێگەی وتار خوێندنەوە بەم لایەنانە بدرێت:

کۆمیتەی ئامادەکار،خوێندکارانی جیهانی ،لاوانی جیهانی، قوتابیانی چیک و پۆلۆنیا،بەرەی کوردستانی،تاڤگەر، ئەکسەرییەت بەناوی هەموو کۆمۆنیستەکانەوە، ئەلتەرناتیفە لیستەی ئەڵمانی و کاردری.

بڕیار درا،رۆژی ١٩٨٨/٧/٣ دەمژمێری ٣ی پاشنیوەڕۆ، کۆبوونەوەی داهاتوو بکرێ و قسە لەسەر ئەم خاڵانە بکرێت:

راپۆرتی سیاسی، پێڕەووپرۆگرام، کێشەی کۆمیتەی ئامادەیی، بەیانی کۆمیتەی ئامادەیی.

١٩٨٨/٧/٣

گفتوگۆ لەسەر بەیانی هاوبەش کرا،بەڵام لەسەر خاڵی کوردستانی خواروو، مشتومڕ دروست بوو. KSSE پراگ،خواستییان وابوو کوردستانی عێراق بنووسرێ.سەرئەنجام بڕیار درا کوردستانی خواروو بنووسرێ.

کڵێشەی کۆمیتەی ئامادەیی،دروشم،ناوی کۆمیتە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی، ناونیشانەکەی لەسەر بێت،بانگهێشتنەکە وەرگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لەگەڵ بەیانی کۆمیتەی هاوبەش دا بنێردرێت بۆ لایەن و کەسەکان. ئەمانە KSSE پراگ لە ئەستۆیان گرت ئامادەی بکەن.

راپۆرتی سیاسی و پێڕەوی ناوخۆ،لە نێوان خۆیاندا جێبەجێکرا بوو،واتە بەدزی ئێمەوە و گشت لایەنەکانی ترەوە. ئەم کارەش لە لایەن مەڵبەندی پراگەوە جێبەجێ کرابوو، سەر و کۆپییەکیان دابوو بە مەڵبەندی بەرلین و ئەکسا،بەبێ ئاگادریی لایەنەکانی تر.

بڕیاردرا،رۆژی ١٩٨٨/٧/١٦ دەمژمێری ٣ی پاشنیوەڕۆ کۆبوونەوە بێت.

راپۆرتی جیهان و ناوچەکە،سۆکسە ئامادەی بکات. راپۆرتی کوردستان، ئەکسا ئامادەی بکات.

ـ سۆکسە: ئێمە ئامادە نین هیچ کارێک بکەین، لەبەرئەوەی ئێوە پێشتر کاروبارەکانتان لە نێوان خۆتاندا دابەش کردووە.

ـ جێگای کۆنگرە / کاروبارییی تەکنیکی. پێڕەو و پرۆگرام قسەیان لەسەر کرا.

Alte Mensa TU،هۆڵێکی گەورەی زانستگەی تەکنەلۆژی بەرلین بوو،دەستنیشان کرا بۆ شوێنیٚ گرتنی کۆنگرە. ئەم هۆڵە تەنیا بۆ دوو رۆژ گیراوە،١٩ ـ١٩٨٨/٨/٢٠ و نرخەکەی ٩٥٠ مارکە.

کارتی ئەندامان: دوو جۆر کارت دروست بکرێ.

سوور: بۆ ئەندامەکان، ٥٠٠ دانە.

زەرد: بۆ میوانەکان ١٥٠ دانە.

ـ ئەکسای جیاوەبوو: ئەوانیش لەسەر ئەوە هەڵوێستیان وەرگرت و وەک یۆکسی چوونە دەرەوە. دواتر رەشنووسی بەیانی راگەیاندنی کۆمیتەی هاوبەش خوێندرایەوە و گفتوگۆی لەسەر کرا و هەندێ تێبینی و باری سەرنجی بۆ زیاد کرا.

دروشمەکانی کۆنگرە:

"با ١٦ی ئازار،رۆژی بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە بکەین بە رۆژی جیهانی بۆ قەدەخەکردنی چەکی کیمیاوی و گەشەدان بە هاوکاری لەگەڵ خەباتی گەلی کورد،لە پێناوی مافی چارەنووس و ئاشتی دیموکراتیدا". پێشنیازی هەموو لایەک جگە لە سۆکسە. سۆکسە پێشنیازی ئەمەی کرد:

" با ١٦ ئازار رۆژی بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە هیرۆشیمای کوردستان،بکەینە رۆژێکی جیهانی بۆ قەدەخەکردنی چەکی کیمیاویی و پشتیوانی تەواوی نەتەوە بندەستەکەمان و ناساندنی بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی بە جیهانی دەرەوە".

<u>سەرئەنجام</u> ، بڕیار لەسەر ئەوەی یەکەم درا.

شوێن و کاتی کۆنگرە:

KSSEبەرلین، پێشنیازی نیوەی دووەمی مانگی ٨ کرد. هاتن پێنجشەممە،گەڕانەوە دووشەممە. ٤ رۆژ بۆ کۆنگرە و دوا رۆژ بۆ ئاهەنگی کۆتایی. هەمووان لەسەری رازیبووین.

ـ سۆکسە: پێشنیاز دەکەین کۆنگرە لە وڵاتی ئەڵمانیا رۆژاوا بێت،چونکە زۆرینەی هاوبیرانمان لەوێن و کێشەی نەبوونی پەساپۆرتیان هەیە و ناتوانن بێن بۆ بەرلین،یان وڵاتانی دیکەی ئەوروپا.

KSSE بەرلین، ئێمە پێمان باشە لە بەرلین بێت،چونکە ناگونجێ کۆمیتەی ئامادەکاری لە بەرلین بێ و کۆنگرە لە شوێنێکی دیکە.

KSSE پراگ،پێمان باشە لە بەرلین بێت.

AKSA پێمان باشە لە بەرلین بێت،چونکە لەبارە و کۆمیتەش لێرەیە.

K.KURD بەرلین زۆر چاکە و کارەکان باش دەڕوات.

ژمارەی ئەندامانی بەشدار بوو:

ـ سۆکسە، ٤٠ ـ ٦٠

ـ ئەکسا، ٥٠ ـ ٧٠

ـ کۆمەڵە بەرلین، ١٢٠ ـ ١٤٠

ـ کۆمەڵە پراگ، ١٣٠ ـ ١٥٠

ـ کۆماکورد، ١٥

بە تێکڕا نێزیکی ٣٠٠ کەس ئامادە دەبن.

لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە:

کۆنگرە هەڵیان دەبژێرێ: ـ دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە ٥ ـ ٧ کەس.

ـ دەستەی بڕوا پێکراو ٧ ـ ٩ کەس.

ـ ڕێکخەری هۆڵ لە هەموو بارەیەکەوە هەتا بۆ دەنگدانیش.

ـ کۆمیتەی ئاسایش و پاراستن، ٧ ـ ١٤ کەس.

ـ کۆمیتەی پێشوازی میوان،خواردنیش ٦ ـ ٨ کەس.

ـ کۆمیتەی بڕیار و ڕاسپاردە،کۆمیتەی ئامادەکاریی دەستنیشانی دەکات.

ـ کۆمیتەی نووسینەوەی پوختەی دانیشتنەکان ٣ ـ ٥ کەس.

میوانەکان:

پاسۆک،پارتی،یەکێتی،سۆسیالیست، پارتی گەل،حیزبی دیموکرات،کۆمەڵە، تەڤگەر (٨) پارت بوون،پ ک ک ، رزگاری،کاوە، پارتی دیموکراتی کوردستانی ترکیا، یەکێتی گەلی کورد ـ پارتی، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز، پارتی کار.

مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد،لەندەن، ئەکادیمیای زانست و و هونەر،کۆمەڵەی پزیشکانی کورد.

کەسایەتییەکان:

بەشێك لەو ناوانەی ئێمە پێشنیازمان کرد: جەمال نەبەز،عەبدوڵڵا پەشێو، فەرهاد شاکەلی،شێرکۆ بێکەس،سەباحی غالب و ناسری رەزازی و فەرهاد بابان.

برادەرانی دیکەش ئەم ناوانەیان پێشنیاز کرد: مامۆستا هەژار،کەمال میراودەلی، جەلیلی جەلیلی،ئوردۆخانی جەلیلی، شاکر محوی، کەریمی حسامی،غەنی بلووریان، سەعدی یوسف، مارف خەزنەدار، ووریا رەواندزی، بۆزئەرسەلان، قادر دیلان،خالقی، شڤان پەروەر، گوڵستان، بەناز، پەیمان، گارا. ڕەنگە چەندانێکی تریش باس کرابن.

ـ یەکێتی خوێندکارانی جیهان، یەکێتی لاوانی جیهان، کۆسمۆلی ولاتانی سۆسیالیستی کۆریا، کۆمەڵەی خوێندکارانی ترکیا، نەوجەوانانی کۆمۆنیستی گریکی، پارت و رێکخراوە فەلەستینییەکان، رێکخراوی قوتابیانی ئەفریکا، یەکێتی دیموکراتی عێراقی، پارتە کۆمەنیستەکانی عێراق و سوریا و ئێران و ترکیا و ئەکسەرییەتی ئێرانی،غشت رێکخراوە خوێندکارییە پێشکەوتنخوازەکان. پارتەکانی ئەڵمانیا، ئەمنستی، خاچی نێودەوڵەتی، کۆمەڵەی داکۆکی لە گەلانی هەرەشە لێکراو، لاوانی ئەڵمانی وهتد...

رێگەی وتار خوێندنەوە بەم لایەنانە بدرێت:

کۆمیتەی ئامادەکار،خوێندکارانی جیهانی ،لاوانی جیهانی، قوتابیانی چیک و پۆلۆنیا،بەرەی کوردستانی،تاڤگەر، ئەکسەرییەت بەناوی هەموو کۆمۆنیستەکانەوە، ئەلتەرناتیفە لیستەی ئەڵمانی و کاردری.

بڕیار درا،رۆژی ١٩٨٨/٧/٣ دەمژمێری ٣ی پاشنیوەرۆ، کۆبوونەوەی داهاتوو بکرێ و قسە لەسەر ئەم خالانە بکرێت:

راپۆرتی سیاسی، پێرەووپرۆگرام، کێشەی کۆمیتەی ئامادەیی، بەیانی کۆمیتەی ئامادەیی.

١٩٨٨/٧/٣

گفتوگۆ لەسەر بەیانی هاوبەش کرا،بەڵام لەسەر خاڵی کوردستانی خواروو، مشتومڕ دروست بوو. KSSE پراگ،خواستییان وابوو کوردستانی عێراق بنووسرێ.سەرئەنجام بڕیار درا کوردستانی خواروو بنووسرێ.

کلێشەی کۆمیتەی ئامادەیی،دروشم،ناوی کۆمیتە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی، ناونیشانەکەی لەسەر بێت،بانگهێشتنەکە وەرگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لەگەڵ بەیانی کۆمیتەی هاوبەش دا بنێردرێت بۆ لایەن و کەسەکان. ئەمانە KSSE پراگ لە ئەستۆیان گرت ئامادەی بکەن.

راپۆرتی سیاسی و پێرەوی ناوخۆ،لە نێوان خۆیاندا جێبەجێکرا بوو،واتە بەدزی ئێمەوە و گشت لایەنەکانی ترەوە. ئەم کارەش لە لایەن مەڵبەندی پراگەوە جێبەجێ کرابوو، سەر و کۆپییەکیان دابوو بە مەڵبەندی بەرلین و ئەکسا،بەبێ ئاگادریی لایەنەکانی تر.

بڕیاردرا،رۆژی ١٩٨٨/٧/١٦ دەمژمێری ٣ی پاشنیوەرۆ کۆبوونەوە بێت.

راپۆرتی جیهان و ناوچەکە،سۆکسە ئامادەی بکات. راپۆرتی کوردستان، ئەکسا ئامادەی بکات.

ـ سۆکسە: ئێمە ئامادە نین هیچ کارێک بکەین، لەبەرئەوەی ئێوە پێشتر کاروبارەکانتان لە نێوان خۆتاندا دابەش کردووە.

ـ جێگای کۆنگرە / کاروباریی تەکنیکی. پێرەو و پرۆگرام قسەیان لەسەر کرا.

Alte Mensa TU،هۆڵێکی گەورەی زانستگەی تەکنەلۆژی بەرلین بوو،دەستنیشان کرا بۆ شوێنی گرتنی کۆنگرە. ئەم هۆڵە تەنیا بۆ دوو رۆژ گیراوە،١٩ ـ١٩٨٨/٨/٢٠ و نرخەکەی ٩٥٠ مارکە.

کارتی ئەندامان: دوو جۆر کارت دروست بکرێ.

سوور: بۆ ئەندامەکان، ٥٠٠ دانە.

زەرد: بۆ میوانەکان ١٥٠ دانە.

ـ ئەکسای جیاوەبوو: ئەوانیش لەسەر ئەوە هەڵوێستیان وەرگرت و وەک یۆکسی چوونە دەرەوە. دواتر رەشنووسی بەیانی راگەیاندنی کۆمیتەی هاوبەش خوێندرایەوە و گفتوگۆی لەسەر کرا و هەندێ تێبینی و باری سەرنجی بۆ زیاد کرا.

دروشمەکانی کۆنگرە:

"با ١٦ی ئازار،رۆژی بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە بکەین بە رۆژی جیهانی بۆ قەدەخەکردنی چەکی کیمیاوی و گەشەدان بە هاوکاری لەگەڵ خەباتی گەلی کورد،لە پێناوی مافی چارەنووس و ئاشتی دیموکراتیدا". پێشنیازی هەموو لایەک جگە لە سۆکسە. سۆکسە پێشنیازی ئەمەی کرد:

" با ١٦ ئازار رۆژی بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە هیرۆشیمای کوردستان،بکەینە رۆژێکی جیهانی بۆ قەدەخەکردنی چەکی کیمیاویی و پشتیوانی تەواوی نەتەوە بندەستەکەمان و ناساندنی بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی بە جیهانی دەرەوە".

<u>سەرئەنجام</u> ، بڕیار لەسەر ئەوەی یەکەم درا.

شوێن و کاتی کۆنگرە:

KSSEبەرلین، پێشنیازی نیوەی دووەمی مانگی ٨ کرد. هاتن پێنجشەممە،گەڕانەوە دووشەممە. ٤ رۆژ بۆ کۆنگرە و دوا رۆژ بۆ ئاهەنگی کۆتایی. هەمووان لەسەری رازیبووین.

ـ سۆکسە: پێشنیاز دەکەین کۆنگرە لە وڵاتی ئەڵمانیا رۆژاوا بێت،چونکە زۆرینەی هاوبیرانمان لەوێن و کێشەی نەبوونی پەساپۆرتیان هەیە و ناتوانن بێن بۆ بەرلین،یان وڵاتانی دیکەی ئەورووپا.

KSSE بەرلین، ئێمە پێمان باشە لە بەرلین بێت،چونکە ناگونجێ کۆمیتەی ئامادەکاری لە بەرلین بێ و کۆنگرە لە شوێنێکی دیکە.

KSSE پراگ،پێمان باشە لە بەرلین بێت.

AKSA پێمان باشە لە بەرلین بێت،چونکە لەبارە و کۆمیتەش لێرەیە.

K.KURD بەرلین زۆر چاکە و کارەکان باش دەڕوات.

ژمارەی ئەندامانی بەشدار بوو:

ـ سۆکسە، ٤٠ ـ ٦٠

ـ ئەکسا، ٥٠ ـ٧٠

ـ کۆمەڵە بەرلین، ١٢٠ ـ ١٤٠

- کۆمەڵە پراگ، ١٣٠ - ١٥٠

- کۆماکورد، ١٥

بە تێکڕا نێزیکی ٣٠٠ کەس ئامادە دەبن.

لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە:

کۆنگرە هەڵیان دەبژێرێ: - دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە ٥ - ٧ کەس.

- دەستەی بڕوا پێکراو ٧ - ٩ کەس.

- رێکخەری هۆڵ لە هەموو بارەیەکەوە هەتا بۆ دەنگدانیش.

- کۆمیتەی ئاسایش و پاراستن، ٧ - ١٤ کەس.

- کۆمیتەی پێشوازی میوان،خواردنیش ٦ - ٨ کەس.

- کۆمیتەی بڕیار و راسپاردە،کۆمیتەی ئامادەکاریی دەستنیشانی دەکات.

- کۆمیتەی نووسینەوەی پوختەی دانیشتنەکان ٣ - ٥ کەس.

میوانەکان:

پاسۆک،پارتی،یەکێتی،سۆسیالیست، پارتی گەل،حیزبی دیموکرات،کۆمەڵە، تەڤگەر (٨) پارت بوون،پ ک ک ، رزگاری،کاوە، پارتی دیموکراتی کوردستانی ترکیا، یەکێتی گەلی کورد - پارتی، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز، پارتی کار.

مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد،لەندەن، ئەکادیمیای زانست و و هونەر،کۆمەڵەی پزیشکانی کورد.

کەسایەتییەکان:

بەشێك لەو ناوانەی ئێمە پێشنیازمان کرد: جەمال نەبەز،عەبدوڵڵا پەشێو، فەرهاد شاکەلی،شێرکۆ بێکەس،سەباحی غالب و ناسری رەزازی و فەرهاد بابان.

برادەرانی دیکەش ئەم ناوانەیان پێشنیاز کرد: مامۆستا هەژار،کەمال میراودەلی، جەلیلی جەلیلی،ئوردۆخانی جەلیلی، شاکر محوّی، کەریمی حسامی،غەنی بلووریان، سەعدی یوسف، مارف خەزنەدار، ووریا رەواندزی، بۆزئەرسەلان، قادر دیلان،خالقی، شڤان پەروەر، گوڵستان، بەناز، پەیمان، گارا. ڕەنگە چەندانێکی تریش باس کرابن.

- یەکێتی خوێندکارانی جیهان، یەکێتی لاوانی جیهان، کۆسمۆلی وڵاتانی سۆسیالیستی کۆریا، کۆمەڵەی خوێندکارانی ترکیا، نەوجەوانانی کۆمۆنیستی گریکی، پارت و رێکخراوە فەلەستینییەکان، رێکخراوی قوتابیانی ئەفریکا، یەکێتی دیموکراتی عێراقی، پارتە کۆمەنیستەکانی عێراق و سوریا و ئێران و ترکیا و ئەکسەرییەتی ئێرانی،غشت رێکخراوە خوێندکارییە پێشکەوتنخوازەکان. پارتەکانی ئەڵمانیا، ئەمنستی، خاچی نێودەوڵەتی، کۆمەڵەی داکۆکی لە گەلانی هەڕەشە لێکراو، لاوانی ئەڵمانی وهتد...

ڕێگەی وتار خوێندنەوە بەم لایەنانە بدرێت:

کۆمیتەی ئامادەکار،خوێندکارانی جیهانی ،لاوانی جیهانی، قوتابیانی چیک و پۆلۆنیا،بەرەی کوردستانی،تاڤگەر، ئەکسەرییەت بەناوی هەموو کۆمۆنیستەکانەوە، ئەلتەرناتیفە لیستەی ئەڵمانی و کاردری.

بڕیار درا،ڕۆژی ۱۹۸۸/۷/۳ دەمژمێری ۳ی پاشنیوەڕۆ، کۆبوونەوەی داهاتوو بکرێ و قسە لەسەر ئەم خاڵانە بکرێت:

ڕاپۆرتی سیاسی، پێڕەووپرۆگرام، کێشەی کۆمیتەی ئامادەیی، بەیانی کۆمیتەی ئامادەیی.

۱۹۸۸/۷/۳

گفتوگۆ لەسەر بەیانی هاوبەش کرا،بەڵام لەسەر خاڵی کوردستانی خواروو، مشتومڕ دروست بوو. KSSE پراگ،خواستییان وابوو کوردستانی عێراق بنووسرێ.سەرئەنجام بڕیار درا کوردستانی خواروو بنووسرێ.

کڵێشەی کۆمیتەی ئامادەیی،دروشم،ناوی کۆمیتە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی، ناونیشانەکەی لەسەر بێت،بانگهێشتنەکە وەرگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لەگەڵ بەیانی کۆمیتەی هاوبەش دا بنێردرێت بۆ لایەن و کەسەکان. ئەمانە KSSE پراگ لە ئەستۆیان گرت ئامادەی بکەن.

ڕاپۆرتی سیاسی و پێڕەوی ناوخۆ،لە نێوان خۆیاندا جێبەجێکرا بوو،واتە بەدزی ئێمەوە و گشت لایەنەکانی ترەوە. ئەم کارەش لە لایەن مەڵبەندی پراگەوە جێبەجێ کرابوو، سەر و کۆپییەکیان دابوو بە مەڵبەندی بەرلین و ئەکسا،بەبێ ئاگادریی لایەنەکانی تر.

بڕیاردرا،ڕۆژی ۱۹۸۸/۷/۱٦ دەمژمێری ۳ی پاشنیوەڕۆ کۆبوونەوە بێت.

ڕاپۆرتی جیهان و ناوچەکە،سۆکسە ئامادەی بکات. ڕاپۆرتی کوردستان، ئەکسا ئامادەی بکات.

- سۆکسە: ئێمە ئامادە نین هیچ کارێک بکەین، لەبەرئەوەی ئێوە پێشتر کاروبارەکانتان لە نێوان خۆتاندا دابەش کردووە.

- جێگای کۆنگرە / کاروباریی تەکنیکی. پێڕەو و پرۆگرام قسەیان لەسەر کرا.

Alte Mensa TU،هۆڵێکی گەورەی زانستگەی تەکنەلۆژی بەرلین بوو،دەستنیشان کرا بۆ شوێنی گرتنی کۆنگرە. ئەم هۆڵە تەنیا بۆ دوو ڕۆژ گیراوە،۱۹ - ۱۹۸۸/۸/۲۰ و نرخەکەی ۹۵۰ مارکە.

کارتی ئەندامان: دوو جۆر کارت دروست بکرێ.

سوور: بۆ ئەندامەکان، ۵۰۰ دانە.

زەرد: بۆ میوانەکان ۱۵۰ دانە.